# مۆسیقای نامۆیی

# مۆسیقای نامۆیی

شیعر

هاوژین صلیوه

٢٠١٣

ناوی کتێب: مۆسیقای نامۆیی

ناوی نووسەر: هاوژین صلیوه

دیزاین: یاسین حسین

چاپ: چاپخانەی کەمال

تیراژ: ٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کتێبخانـە گـشتییەکان، ژمـارەی سـپاردنی (؟؟؟)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری (جەمال عیرفان)

بە هاوکاری سەنتەری (مارگرێت)

-----------------------------------

*لەسەر ئەرکی بەڕێز دکتۆر تەها ڕەسوول چاپ کراوە*

پێشکەشە بە (....)

## هەموو نووسراوەکان لە بنەمادا زادەی شیعرن

(جبرا ئیبراهیم جبرا) لە لاپەڕە (١١)ی کتێبی (تأملات في بنيان مرمري)دا دەنووسێت: هەموو هونەرە نووسراوەکان لە بنەمادا زادەی شیعرن و دواتر لێی جیا بوونەتەوە...بەرزترین هونەری نووسراو شیعرە لە ئەزموونی مرۆڤدا...

لەم گۆشەنیگایەی جەبراوە دەتوانین بڵێین: ئەگەر شاعیرێکیش لە زەویدا نەمێنێ شیعر هەر هەیە، چونکە بە خۆڕسك بەشێك لەشانۆنامە و کورتە چیرۆك و ڕۆمان شیعرە و بەبێ ئەو بەشە نە شانۆنامە، نە کورتەچیرۆك و نە ڕۆمان، نابنە دەقێکی شاکارو سەرنج ڕاکێش...

لەم جەمسەرەوە دەڵێم بانگەشەکردنی مردنی شیعر لەلایەن هەندێ نووسەرەوە، دیاردەیەکی دروستکراوەو شیعر ئامێتەی مرۆڤ بووەو مرۆڤ هەر لەکۆرپەییەوە بە شیعری لایلایەی دایك گوێی دەپشکوێ و هەمیشە حەزی لە شیعرە...شیعری کوردی ڕووبارێکی گەورەیە لە ڕووبارە گەورەکانی شیعری جیهانی و ئەگەر بارو دۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی نێو دەوڵەتی کورد وا ناهەموار نەبوایەو کورد زمانێکی یەکگرتووی ببوایەو زمانی کوردی وەکو زمانی عەرەبی بایەخی پێدرایە...شاعیرانی کوردیش دەیان خەڵاتی جیهانییان لە بواری شیعردا وەردەگرت و بەبێ هیچ دوو دڵییەك دەڵێم شیعری دەیان شاعیری هاوچەرخی کورد لەشیعری گەلێ شاعیری عێراقی و ئەردەنی و سووری و بەحرێنی و جەزائیری و لیبیایی و تونسی و مەغریبی و میسری و لوبنانی و ئیماراتی و قەتەری و هیندستانی



و ئەفغانی و پاکستانی و تورکی و تاجیکستانی و کوێ و کوێی دیکە باشترو جوانترو شیعرترە، کەلێرەو لەوێ گەلێ خەڵاتی جیهانییان بۆخۆیان درەو کردووە... بەدڵنیایشەوە دەیڵێم ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی (مۆسیقای نامۆیی) برای بەڕێزم کاك (هاوژین صلیوە) شایەنی خەڵاتگەلێکە کە شاعیرانی لاوی وڵاتانی جیهان وەری دەگرن و دەیان شاعیری دیکەی کوردی وەچەی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك شایەنی ئەو خەڵاتانەن کە شاعیرانی ناوداری وڵاتانی جیهان وەریدەگرن...بەلای منەوە گرنگترین خەسڵەتی شیعر خەیاڵ بەرینی و دروست کردنی وێنە بە وشە و دۆزینەوەی بابەتگەلێکە کە شاعیرانی دی نەیاندۆزیوەتەوە...و لەم ڕوانگەیەوە کاك (هاوژین صلیوە) شیعریەتی داوە بەزۆربەی کەرەستەو بوونەوەری پەراوێز خراو و شتە ون گومناوەکان و بابەتە نادیارەکانی گەردوون و سروشت و لەگەڵ شیعری دا بەجۆرێکی شێوەکاری بیرو مەبەستەکانی خۆی دەربڕیوە... و لە هەندێ شیعریشدا کامیرای پێیەو وێنەی بابەتەکان دەگرێ و بە ڕتووشکارییەکی ئەوتۆ و جیاوازەوە دەیانخاتە ڕوو، کە لە وێنەی شتە گیراوەکە ناچێت و وەکو شتێکی نوێ دێتەکایەوەو لە زۆربەی شیعرەکانیشیدا هەوڵی داوە وێنەی زەینی دروست بکات و بفڕێ بۆ سەرووی بوون و لە بار و دۆخی جیهانی نەبوون و واهیمەوە وێنە بێنێ و هۆڵی شیعرەکەی بکات بەپێشەنگای وێنەگەلێکی زەینی سەرنج ڕاکێش...و خوێنەرو گوێگری شیعری خۆی پێ سەرسام بکات...، بێگومان دیاردەی وێنەو وێنەکاری و وێنەسازی لە شیعردا هەر لە کۆنەوە هەیەو لەبارەی پەیوەندی و پەیوەستی

شیعر و وێنەوە گەلێ کتێب و لێکۆڵینەوەو وتار و توێژینەوەی جۆراو جۆر نووسراوە و تەنانەت (نزار قەبانی) دیوانەشیعرێکی هەیە بە ناونیشانی (الرسم بالكلمات) لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا چاپی کردووەو سوریالیزمەکانیش خاوەنی ئەزموون و کلتوورێکی دەوڵەمەندن لە بارەی وێنەی زەینییەوە لە شیعر دا.

دەتوانم بڵێم نالی و مەحوی و بێخود و تایەر بەگی جاف و پیرەمێرد و مصباحولدیوانی ئەدەب و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەولەوی و صەیدی هەورامی و بێسارانی و مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی و گۆران و...هتد، بەڵام گۆران جیا لەوان هەوڵی گرنگ و ئەزموونی شاکار و نەمری لە بواری وێنەی زەینییەوە لە شیعر دا هەیە و هەر بۆنموونە: گۆران لە هۆنراوەی (ڕەوتێکی جوان)دا دەڵێ:

لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە
لە خوڕەی ئاو، شیعری تازە[1]

هەروەها گۆران لەشیعرێکی دیکەدا کە بەناونیشانی (دیمەنێکی بەهار) دەڵێ:

سەراپای چیمەن دەر ئەدا چین چین مرواریی ئاونگ،
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگی[2]

١– دیوانی گۆران، لە بلاّوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، بغداد، ١٩٨٠، ل١٢
٢– هەمان سەرچاوە، ل١٦٩



مایەی خۆشحاڵییە لەم جۆرە وێنە شیعرییە، لەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی کاك (هاوژین)دا بەزۆری بەدیدەکرێ و ئەمەش خاڵێکە لە خاڵە جوانەکانی ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە...

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم لە سەرچەمی ئەم دەستنووسەی کاك هاوژیندا لێرە و لەوێ هەندێ یاخود کۆمەڵێ تێبینی خۆم هەیە لەبارەی بەکارهێنانی زمانی ناوچەییەوە لە هەندێ شیعردا، هەروەها دەربارەی مۆسیقای ناوەکیی و دەرەکی هەندێ لە شیعرەکان... بەڵام من وەکو عاشقێکی شیعر ئەم شیعرانەم خوێندەوە شیعرە جوان جوانەکان ئەو خەوش و گەردانەیان لەبیر بردمەوە کە بەلق و چڵ و گوڵی هەندێ لە شیعرەکانەوە بەرچاوم کەوتوون و ئەولایەنە بۆ ڕەخنەگران و دڵسۆزی شیعر جێ دێڵم.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی ئەم شیعرانە لە برای بەڕێزم (هاوژین صلیوە) دەکەم، هیوادارم ئەم شیعرانە و بەرهەمەکانی داهاتووشی بە چاپکراوی ببینم و بەبێ دوودڵی دەڵێم: ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە، خوێندنەوەی وردی دەوێ، چونکە وردەکاری شیعری زۆری تێدایە و دەخوازم ڕەخنەگران وەك شاعیرێکی وێڵگەردی نوێگەری هەقی خۆی پێ ڕەوا ببینن.

لەتیف هەڵمەت

## (خەنجەر)

١- خەنجەر فیشەکێکی بێدەنگە
قەوانی کالانەکەیەتی،
باڕووتیشی دەست و بازووی
پیاوێکی ژن کوژە.

٢- خەنجەر کلاشینکۆفێکی دەنگدارە،
تەقەی قریشکەی ژن و
باڕووتی بێ شەرەفی و؟!
قەوانی کەلەپووتی و
فیشەکی بێغیرەتی.

٣- خەنجەر ماسییەکی قرشە و
لە ڕووباری خوێنینی مێژووەوە هاتووە و
گەرا دەخاتە نێو ئەقڵی قەراغ و کەناری کورت بین.



## (قەڵەم)

قەڵەم کچێکی کابۆ لەبەری شۆخ و شەنگە
کاتێ حەزی لەپیاسە بێ
پێکێ شەراب دەخواتەوە و
شەپقەکەی دەخاتە سەری و
کەعبێکی نووك تیژ لەپێ دەکا،
بەسەر شۆستەی شەقامی کاغەز
بەپێی ڕیتم و ئاواز و حەز
بەلەنجەو لار
پیاسە دەکا، سەما دەکا.

***

کە چوویتە مەیخانە
خەیاڵت دەست نوێژ بەمەی دەشوات و
نوێژی ئۆخژنی دەکات.
کە ڕەوە ئەسپی قووم قوومەی شەراب
بەرکێف کوتان
شۆڕ دەبنەوە قورگی کەل
حیلە حیلێکی شێتانە
گڕوتین بەدەمار دەدا و
خەیاڵ دەفڕێنێ بۆ دونیای نەست.

## (قژت بڕی)

قژت بڕی؟
چۆن دڵت هات!
ئەم قژە تاڵ تاڵ و شێیە
بخەیتە تەنەکەی خۆڵەکەوە!!
قژت بڕی؟
چۆن دڵت هات!
چۆلەکە و مەلی نیگای ئەم هەموو گەنجانە
لەدارستانی قژی خاوتا بتۆرێنی.
قژت بڕی؟
چۆن دڵت هات!
ئەم هەموو هێلانەی تاسەو تامەزرۆیانە
فڕێ دەی.
قژت بڕی،
گوناهت کرد ،
کوفرت کرد
چۆن دڵت هات
درەختی بەردار ببڕیتەوە؟!

***



بووم بە لافیتەیەکی ڕەش،
ئەوەتانێ هەموو ڕۆژێ
دێوەزمەی مەرگ
(پرسەنامەی) پۆلێ پەپوولەم لەسەر دەنووسێ.

٢٠١٢/٣/٩

ئەمە گاڕەشی شەوە،
مانگا شەوی ساماڵ نییە
تیشك و تریفەی شیری ڕوناکیمان بداتێ.

٢٠١٢/٣/٩



مەمکەکانت دوو گیتارن
ئاوازی نامۆیم دەژەنن.

٢٠١٢/٣/٩

## (من مەسیحیم)

**من مەسیحیم تا ئەو کاتەی**
**صەلیبەکەی عیسای مەسیح**
**لەسەر قوبەی تاقە کەنیسەیەکی**
**جیهانا مابێ.**
**من مەسیحیم تائەو کاتەی**
**یەك پەیڤی شیرین و جوان و**
**یەك هەڵوێستی بەزەیی و لێبووردەیی**
**لەجیهانا مابێ.**
**من مەسیحیم تا ئەو کاتەی**
**تاقە پەپوولەیەك بەسەر گوڵی ژیانا مابێ.**
**من مەسیحیم تا ئەو کاتەی**
**هەر تەنها خۆم**
**لەڕووی زەمینا بمێنم،**
**من مەسیحیم لەژیاندا و**
**لە مردنا و لە نێو قەبرا و**
**لەبەردەم عەرشەکەی خوداش**
**پەیامی مەسیح جاڕ دەدەم،**
**بەڵام ڕۆژێ ئەگەر وتیان**
**لەنێوان ئایین و وڵات کامەت دەوێ**



**من ئامادەم واز لەئایینەکەم بێنم**
**من ئامادەم بەدەستی خۆم ئینجیلەکەم بسووتێنم**
**بەڵام قەت قەت ئامادە نیم واز لە قەوم و**
**واز لەکوردستانە شیرینەکەم بێنم.**

**٢٠٠٨/٢/٢٢**

## (تاچاو برِکا خۆشم دەوێی)

تا چاو برِکا خۆشم دەوێی
ئەی شا کچی چاو پەلکە گیا،
لەنغرۆ بوونەوەی قا قای گریانم
فرمێسکێکت بۆ دەرِێژم
جوانتر بێ لەیاقووتی سووری لێوانت،
پەرچەمت باڵی کۆترێکی رِەشن
لە کاتی کرِ کەوتنی فرِین،
بلوێر بژەنە
ئەی دڵەی شوانی جەستەم،
با بەرخۆڵەکانی ئەم دەروونە شێواوەم
یاخی نەبن لەیاسای جەنگەڵ،
تا چاو هەتەر دەکا دەگریم،
تا ئەو پێکەنینەم دڵخۆشت کا،
ماسی باڵدار لەنێو ئاسمانی شین مەلە دەکەن،
چاو پەلکەگیا تۆش وەرە جلکی رِەشت دابکەنە و
بەتاڤگەی جەستەی زیوینت
دەروونم سپی سپی بکەرەوە
لە دووکەڵی کورەی رِەشی ئەم دڵە سووتا و و شێواوەم.

٢٠١٠/١٢/٧



## (کورترین شیعری تێکهەڵکێش)[١]

١- (پاییز پیاوێکی رِۆمانسی)[٢] ئەسڵەعە.
٢- بەسەر پردی بۆنی لیمۆوە وەرە بۆ نێو دڵم[٣].
٣- دوو مەمکی (سەخت و گەردن کەش)[٤]
٤- شەهوەتی لەزەتی (دوو گۆی سەر بەمۆر)[٥]
٥- دەنگەخۆشەکەت (مۆسیقایە بەستەیە گۆرانییە)[٦]
٦- (خاڵی...حەجەرولئەسوەدە)[٧]، خودایە حەجێکم بە نسیب کەی.
٧- لە بینینی هەرشۆخێکی جوان (هەمە ئاهو هەناسەی گەرم)[٨]

---

١- ئەم شێوازە، واتا تێکهەڵکێش لە نێو شیعری نیو دێرِیدا پێش من تاقی نەکراوەتەوە.
٢- زیاد نادر ئالآیی.
٣- لەگەڵ (نەزار قەبانی)دا.
٤- گۆران
٥- نالی
٦- هەردی
٧- ئەختەر
٨- مەحوی

## (ئەم...)

ئەم دار خۆخە
کچە ڕەشئەسمەرێکی هەرزەکاری جوانە،
ئەوەتانێ هەزارەها مەمکی تورت و ناسکی
لەژێر ستیانی گەڵاجار حەشارداوە.
ئەم دار هەنارە چەند جوانە،
ئەوەتانێ هەزار لێوی سووری گرتووە.
ئەم دار سێوە چەند عاشق و میهرەبانە
ئەوەتانێ سەدان دڵی سوور و عاشق
کردوویانە بەهێلانە.
ئەم بێستانە کاڵەکە خەتەرناکەو
هەمووی تێکڕا بووە بەکێڵگەی مین!
ئەم بێستانە خۆشی بەخشە
هەمووی تێکڕا بووە بە کەروێشکی کەمۆ،
ئەم بێستانە کاڵەکە زۆر بەتام و بۆن خۆشە
هەمووی بووە بەشەمامەی مەمك.
ئەم شاتووە زامدارە و
هەموو گیانی قەتماغەی برینە،
دەستی لێدەی نەزیف دەبێ!



## (گەشتی ئاو)

تەنها ئاو وەڕز نابێ و
ماندو نابێ لەگەشت،
ئەوە ملیارەها ساڵە گەشتی زەوی و ئاسمان دەکا.
گەشت چاوی ئاوی کردەوە،
لەڕێی گەشت دا، ئاو:
باران و کڕێوە و بەفرو تەرزەو
هەڵم و هەور و
ئاسمان و چیا و بیابان و
قژی جوان و باڵای بەرزو
دەریا و سەوزایی... بینی.

## (خانوو)

بەلەكۆن چاوی هەیە،
مەدبەخ دەمی هەیە،
هۆڵ گوێچکەی هەیە،
حەمام لەمسی هەیە،
ئاودەست لووتی هەیە،
ژووری نووستن هەناسەی هەیە،
دالآن قاچی هەیە،
بناغە پێڵاوی هەیە،
پەنجەرە پەراسوو و
هەورەبانیش شەپقەی هەیە.

***

کاتێ خۆرەتاو
بەسەر چیاوە ئاودیو دەبێ،
سێبەری چیاکان دەترسێن و
خۆیان دەهاونە دیوەکەی تر.

***



خۆرەتاو ڕوومەتی دەریا ماچ دەکات،
دەریاش بەشێك لەهاڵاو و هەناسەی
خۆشەویستی خۆی پێدەبەخشێ.

***

چاوی خۆر گەلێ تیژە،
لەهەر شوێنێ درزێ هەبێ
تێی دەڕوانێ.

## (...)

بەسواری هەناسە تاساوەکانی هاتە نێو دڵم،
ئەمە دڵ نییە کانییەکەو نەزیف بووە.
بەسواری بەلەمی برینەکانم
بەنێو دەریای خوێندا هاتە نێو دڵم،
ئەمە دڵ نییە گۆمێکی پڕ خوێنە.



## (وەرە گیانە...)

وەرە گیانە بەم پاییزە
(پردێکت لە بۆنی لیمۆ بۆ دەکێشم)[١]،
پردێك لە تیشکی خۆرەتاو،
پردێك لە تریفەی مانگە شەو،
پردێك لە ورشەی ئەستێران،
پردێك لە جریوەی چۆلەکان،
پردێك لە هەناسەی نامۆیی،
بەسەر هەموو پردەکانەوە
وەرە بۆ لام،
بۆ نێو دڵم،
بۆ
نێو
دڵم.

---

١- ئەم دێڕە لە شیعرێکی (نەزار قەبانی ) وەرگیراوە.

ب
ۆ
ن
ێ
و
د
ڵ
م.

٢٠١٠/٨/١٥



## (پەلکە زێڕینە)

پەلکەزێڕینە تاڤگەی ڕەنگە
بەنێو چیمەن و گوڵدا دەڕژێ،
ڕوحی منیش ماسی سۆزە بەنێویا نقوم دەبێ و
یەکە یەکە ڕەنگە ئاوێتەبووەکان ماچ دەکات،
لەناکاوێ پەلکە زێڕینە بەرزدەبێتەوە و
دەبێتە ملپێچی شاخێکی ڕیش سپی،
بۆئەوەی سەرمای نەبێ.
لەدوای قەیرێك ڕۆدەچێت و
دەبێتە پشدێنی کچەشاخێکی سەوز و
لەکەمەری دەئاڵێ و
هەموو زنجیرە شاخەکان
سەرسام و عاشق دەبن.

٢٠١٠/٣/٢

## (.....)

جەستەم پارچەیەکە لەئازار و
پارچەیەکە لەمۆسیقای نامۆیی
گیتارێکە
هەر غوربەت و
هەر فرمێسك و
هەر ناڵە ناڵ و
هەر هەنسك و
هەر هەناسەی غەریبی دەژەنێ.
دڵم دەهۆڵێکە،
هەر خوێنی غەریبی دەیکوتێ،
هەر دەیکوتێ،
هەر دەیکوتێ،
هەتا ڕۆژێك دادێ
منیش بەهێواشی چاو لێکدەنێم و
تەقەم دەبڕێ.



## (دوالیزم)

ئاسمان پێدەشتێکی بەرینە،
خۆرەتاو کانیاوێکی ڕوونە،
هەورەکان چیا و گردۆڵکەن
ئەستێرەکانیش کەو و سوێسکەن.
زەوی ئاسمانێکی بەرینە،
چیاکان هەور و هێڵن،
کانیەکان مانگە شەون،
پەلەوەر و ئاژەڵەکان
ئەستێرەی درەوشاوەی تێکەڵن.

***

ئەمشەو پرسەی ئەپۆلۆ بوو لەماڵەکەم،
چی شیعر بوو وەکو فوارە دەڕژا
بۆ مەرگی ئەو.

## (زەردەپەڕ)

بەیانیان خۆر چرۆ دەکاو لق وپۆپی پەرت دەبێتەوە و
دونیا دەکات بە گەڵاجاڕی تیشك،
ئێواران یەکە یەکە گەڵای تیشکی هەڵدەوەرن،
درەختی ڕووت بووش ڕەش هەڵدەگەڕێ و وشك دەبێ.

❋❋❋

ئەم ڕووبارە شەکەت و بەدمەستە
هێندە پێکی مەی باران و
شەڕابی خەستی قوڕاوی نۆشیووە،
لەڕێچکەی خۆیا لایداوە و
مل لەچۆقۆی بەرد دەسوێت،
سەر لەتاوێر و زناری کەنار دەدات.



## (خەیاڵی برسییەک)

پۆلێ چۆلەکەی ڕیزبووی سەر دار تەل
بوون بە شیشێ چۆلەکەی برژاو،
تەم و لێڵی ئاسمانیش
بوو بە پراو،
بوو بە ئاوگۆشت،
بوو بە چەلاو.

❋❋❋

سرتە سرت و چرپە چرپی
دوو ڕیشۆڵە
لەنێو درەختێکی بەفر گرتوودا،
فێرە ئەوین دارێمان دەکەن.

❋❋❋

ماسی هەمیشە چاوی کراوەیە،
چونکە بونەوەرەکانی
ئاسمان و
زەوی و

ئاو
دوژمنیانن.

***

چۆلەکەش لەیاسای
سەربازی دەزانێ،
کە بەئاسمانەوە دەفڕێ
لەنجەدەکا بۆ ژێر و ژوور،
تاوەکو مزی توو توو و
بەردی دارلاستیکی بەرنەکەوێ.

***

بلوکەکانی ئەم دیوارە ڕوتەڵەیە
پەنجەکانیان ناوەتە نێو پەنجەی یەك و
باکیان نییە لە لافاوی ناوەخت و
لە ڕەشەبای ژەهراوی.

***

چەند هەورێکی هونەرمەند
کۆبوونەوە و بوون بە باندێك،
باند دەستی کرد بە مۆسیقا ژەنین،
نۆتە نۆتە باران و خۆرەتاو دەهاتنە خوارێ،



زەوی خەمڵی لە بەهارا خۆی کرد بە بووك،
زاوای ئاسمان گەشایەوە و
پۆلێ مەل ئاهەنگیان گێڕا.

***

بەکەرپووچی درۆیان
قەسرێکی لەجەهەنەم دروست کرد.

***

تەمەنم جگەرەیەك بوو،
بەدەم مژی ئازارەوە
وابەسەرچوو.

## (بەهار)

لەئێوارەیەکی ئارگۆنیدا
سەرنجم لکا بە ڕەزە هەنارێکی قەت پاڵ،
گەڵای دار هەنار
وەك ئاپۆڕەی پولەکەی سوورەماسی داگیرسابوون،
بەشێوەیەك خۆرەتاو و ڕەز باوەشیان بەیەك کردبوو،
یەك پارچە ئەم ناوە ببوو بە ڤالانتاین.

***

باران بەپەنجە نەرمەکانی
عودی دەریا دەژەنێ،
شەپۆل نۆتە نۆتە سیمفۆنیای دەنووسێتەوە.

٢٠١١/٤/٢٢



## (خەون)

شەوانە خانووەکەم
دەبێت بە شەمەندەفەر،
دووکەڵ کێشەکەی مەدبەخ دەبێت بەگزۆز و
کتێب و شیعرەکانم دەبن بە بەنزین و
ئەهریمەن دەبێت بەسایەق و
نرکەی دڵ دەبێتە وێستگەی ڕاوەستان و
جەستەشم هێڵی ئاسنین.

***

پێشمەرگەیەك وتی:
چیا قۆچی زەوییە.

## (میرحەجی وڵاتەکەم)

میرحەج زۆرن لەم وڵاتە
دڵدارانی خاتو پەری خان و برایمۆك
لەخەوی قوڵی دڵداری هەڵبستێنن،
بەناو بەفرو ڕێی نەهاتە
بیان تەرێنن، ؟!
بیان کوژن، ؟!
بیان سوتێنن؟!

٢٠١٠/٨/٢٨



## (...)

ئەو ڕۆژانەی لەگەڵت نەدوێم
وادەزانم شتێکم لێون بووە،
پاش تێڕامان و سەرنج دان،
جا تێدەگەم کە من ئیمڕۆ
بەموبایل قسەم لەگەڵتا نەکردووە.

## (کورتیله چیرۆکێکی شیعری)

جۆگەلە ئاوێکی چاوشین
بەنێو چیمەنی چەمێکی عاشق
بەدەم سەما و گۆرانی گوتنەوە تێدەپەڕی،
خۆرەتاو کەوتە چاوبازی لەگەڵیدا،
ئاگام لێبوو
هەر چاو بازییان دەکردوو
بە دەم ڕووی یەك دەخەنینەوە،
بەڵام کە پارچە هەورێکی بەدکار
بوو بەدڕکی مەموزین و
بەر بینی خۆرەتاوی گرتو
لێکی دابڕاندن و
ڕێڕەوی ئاوەکەی گۆڕیی و
شەوق و ڕووناکی و زەردەخەنەی لێبڕین،
ئاوی چاوشین بەخەمباری
کەوتە باوەشی پیرەگۆمێکی قوڕاویی و
بۆقێکی جاهیل
هەر بەزوویی
بەنابەدڵی
لەیەکتری مارەکردن.



## (نوێژە بارانە)

وەرە گیانە لەسەر هەناسەی سووتاوم
نوێژە بارانەیەك بکە،
ئەوە چەند ساڵە
هەورە تریشقەی
هەنسکی گریانم بێ بارانە.

## (ڕەهەندەکانی ڕوانین)

١- لەبناری شاخێکەوە،
لە دوورەوە،
ڕوانینم لکا بە گەنمێکی قەرسیل
بە بای شەماڵ دەلەرییەوە،
وامزانی دەریایەکی قوڵە
بەزەردەخەنەی شیرینەوە.

٢- لەبناری شاخێکەوە لەدوورەوە،
لەتاریکی شەوگارێکدا
هەور و هێڵ ئاسمانیان گرتبوو،
ڕوانینم لکا بە شارێکی گەورە،
وامزانی ئەوە ئاسمانە
بەمانگ و بە ئەستێرەوە.

٣- لەبناری شاخێکەوە لەدوورەوە،
ڕوانینم لکا بەدەرگای قوتابخانەیەك و
منداڵەکان هێند دوور بوون،
وامزانی شارە مێرووستانە
دەچنە ژووڕێ و دێنە دەرەوە.



٤- لەکەناری دەریایەکەوە
ڕوانینم لکا بەقوڵایی ئاوەکەوە،
سەرنجم دایە سوورەماسییەکی پولەکەدار
وامزانی دەست گیرانە کەمە
خۆی سازداوە بۆ ئاهەنگ و
بەرەو ڕووم دێت
بەجلکی جوانی کوردییەوە.

٥- لەکەناری دەریایەکەوە
ڕوانینم لکا بە قوڵایی ئاوەکەوە
چەند ماسییەکی قرش بەناویا دەخولانەوە،
وامزانی چەند فڕۆکەیەکن
بەقوڵایی ئاسمانەوە.

٦- لەسەر ئاوێنەی دەریاکە
وێنەی خۆمم بینییەوە،
وامزانی فەرهادی کۆکەنە
وێنەی زەرد و هەڵبزرکاو
بەعیشقی دووری شیرینەوە.

***

ڕەنگەکان گەلێ زۆرن،
بەڵام ئێمە شەو کوێرین
چەند دانەیەکیان دەبینین.
وەك چۆن ناتوانین بۆنی هەموو شتەکانی جیهان بژمێرین
بەم شێوەیەش ناتوانین هەموو ڕەنگەکان ببینین.

***

نزیك بوومەوە لەپیری و ددانێکم کەوت،
مندالّیم هاتەوە یاد و
ئەوکاتانەی ددانی شیریم دەکەوتن
چەندە خۆش بوو،
بە ئومێدی ددانێکی نوێ
لە شوێن ددانە کەوتووەکەدا
بەسەری زمان یاریم دەکرد،
بەڵام ئێستا کە ددانێکم دەکەوێ
دەمم شیوەنی فسەزمانی دەگێڕێ و
بێ ئومێدم هەتا مردن.



## (عەلی هەڵبجەیی)[1]

لەنێو ئاپۆڕەی هەناسە تاساوەکانی جەماوەردا،
لەبەردەم کامیرا چاو بزۆکەکاندا،
لەنێو حەشاماتی هۆڵێکی زۆر گەورەدا،
کۆمەڵێ دایك و باوك و خوشك و برا.
پۆلێ مەل و کۆتری خزم و کەس
لەسەر سەکۆی هۆڵەکەدا،
بەرانبەر عەلی وەستابوون!؟
هەریەك دوعاو نزای وابوو کوڕی ئەو بێ،
ترپەی دڵ! فرمێسکی ئاڵ،
هەناسەی سارد تێکەڵ ببوو.
لەناکاوێ خوێندرایەوە
عەلی کوڕی فاتیمەیە،
دایکی دڵسۆز پڕ بەگەرووی قریشکاندی

١- ئەم شیعرە بۆ عەلی هەڵەبجەیی نووسراوە، عەلی هەڵبجەیی ناوی (زمناکۆ) بووە، بۆ ماوەی (٢١)ساڵ بزر بووە، واتا لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) کاتێ کە دایکی (فاتیمە محەمەد مەحمود) دەچێتە ئێران و لێی بزر دەبێت و خێزانێکی فارس بەخێوی دەکەن و ناوی دەنێن (عەلی)، پێنج خێزان هەمان حاڵەتی بزربوونی منداڵیان بەسەر هاتبوو، لەهۆڵێك کۆبوونەوە، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد (عەلی ) کوڕیان دەرچێت، پێنج دایکی جەرگ سووتاو چاوەڕێ بوون، خوێنی دایك و باوکەکانیان وەرگرتبوو لەئوردون پشکنینی خوێنی (DNA) یان بۆ کرابوو دواتر دەرچوو، کەعەلی کوڕی (فاتیمە محەمەد مەحمود) ە. لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٣. لەهەمان شەو کاتێ لەتەلەفزیۆن بینیم ، زۆر کاری تێکردم و فرمێسك لە چاوەکانم هاتە خوارەوە و دەستم دایە قەڵەم و ئەم شیعرەم نووسی

باوەشیان بوو بەپەپولە و
بۆنی ماچی کوڕ و دایك
هۆڵی پڕکرد لەگریانێکی دڵ ئاگرین،
دوای بیست و یەك ساڵ هەر هەموو ژنەکان
گوتیان : عەلی کوڕی ئێمەیە،
کوڕی هەڵەبجەو کوردستان،
کوڕی هەڵەبجە و کوردستان.

***

ئەوە چی بوو
میلەکانی کاتژمێر وەرز نەبوون!
چەندی بەدەوری مەداری
ئەم زەوەییە بخولێنەوە.

***

ئەستێرەش زاوزێ دەکەن،
ئەوەتانێ بەهاران وەك پورە هەنگ
شەوق و ڕەوقیان هەموو ئاسمان دەتەننەوە،
بەزستانان هەندێکیان دەمرن،
هەندێکی تریان دەچنە سووڕی مەتبوونەوە،
هەندێکیان زۆر بێتاقەت،
هەندێکیان ئاوارەی هەندەران دەبن،
هەندێکیشیان وەك فانووسێکی کز دەدرەوشێنەوە.



## (غەریب)

ئادەم و حەوا
هەستیان بەکەمی دەکرد!؟
چوون بێبەش بوون
لەسۆزی دایك و باوك و
دۆست و خزمان.
ئادەم و حەوا
یەکەم هەتیووی
سەر ڕووی زەمینن.

## (پرسیار؟)

**ئەی خوایە ئەو پەرداخە ئاوەی دەیخۆینەوە،**
**دەبێ چەند جار گەشتی کردبێ؟**
**چەند ماسی و بۆق خواردبێتیانەوە؟**
**چەند جار بووبێتە میزی حوشتر؟**
**چەند جار بووە بە تەرزە و کرێوە و بەفرو باران؟**
**چەند ڕووبار و دەریاچەی زلزلی بینیوە؟**
**چەند جار مەیتی پێشۆردراوە؟**
**چەند جار تینوویەتی چۆلەکەکانی شکاندووە؟**
**چەند جار چێشتی پێ لێندراوە؟**
**چەند کەسی غەریبی پێ خنکاوە؟**
**چەند؟، .!-، ، ...؟؟؟؟.**

**چ**
**ەە**
**نن**
**د**

**چەند؟..........؟**
**چەند؟...........؟**
**چەند؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟**

❋❋❋



**گوڵەگەنم کەپێگەیی و چاوخومار بوو**
**بەئومێدی مێردکردن بەزەویەکی ئادان**
**سەما دەکات،**
**ئەو نازانێ دەیکوژن و دەیهاڕن و دەیکەن بە ئارد،**
**ئەو نازانێ مێروستان ئەوکی دەگرێ و دەیخنکێنێ و**
**بۆ شارەکەی دەیبات،**
**ئەو نازانێ چی مایەوە چۆلەکە قوتی دەدات.**

(...)

بەفرگر زەبەلاح ترین و بەتەماح ترین جانەوەرە،
بەفرگر دزێکی زۆر مەعلانە،
هەرگیز نەکەی سیقەت پێی بێ!
هەر خۆراکەی بەئامانەت لەلای داینێی
وەکو هەنگ شیلە و تام و بۆی دەمژێ!
ڕوحی دەخوات و دەیکوژێ.
گۆسکە سەلاجەیەکی
بەوەفایە بۆ شەراب،
تا تیای بمێنێتەوە
بەتامتری دەکات.

❋❋❋

جەستەم تابووتی ڕوحمە و
لەناویا هەڵیدەگرم،
تاوەکو کۆنفرانسی گۆڕستان.

❋❋❋



شوتی دەریایەکی خوێنە
کەنارەکانی قەوزەی سەوزن،
تاوانێکە ئەو هەموو مرۆڤە ڕەش پێستە
لەم دەریا خوێنەدا کوژراو و خنکێنراون.

❋❋❋

کەمردم بەکەوچکی خاکەناس
تێر تێر بریانی دەخۆم.

❋❋❋

مانگ جالجالۆکەیەکە،
بەتەونی تریفە
خۆی شۆڕکردووەتەوە نێوکانی.

❋❋❋

ئەم جۆگەلە ئاوە بەپێچ پێچە
تیرە مارێکی تۆقیوە
بۆ نێو چیمەن و قامیشەڵان دەخشێت.

❋❋❋

ئەم زەوییە دێمییە
شەقاڵ شەقاڵ،
زەندۆڵ زەندۆڵە
تیمساحێکی گەلێ برسی و زەبەلاحە،
ئاگات لێی بێت نەکەویتە
درزی شەقاڵی دەمبییەوە و قووتت بدات.

***

گوڵە گەنم هەرزەکارێکی (عاشقە)
پرچی بەجێڵ ڕەق کردووە،
ناو قەد باریك دوو پەلکە گەڵای دەستیشی
بەسەر جەستەی شۆڕ بۆتەوە و
ناو بەناویش
بەدەم مۆسیقای - با - وە سەما دەکا و
چاوەڕێی گوڵە گەنمێکی چاو بەکلی ڕەشگوڵ دەکا.



## (جوتیارانە)

١- جووتیار بەقەڵەمی پێمەڕە مێژووی خۆی
لەسەر دەفتەری زەوی دەنووسێتەوە.

٢- ئەم قەدە پیازە
شیعرێکی کلاسیکییە،
بەوەزن و قافییە چێندراوە.

٣- ئەم شتڵە تووتنانە
پۆلێ کچی باڵا پۆشن، کاتێ بن پەلکیان دەکرێ
تەنورە لەبەردەکەن و سفور دەبن،
کاتێ ناوپەلکیان دەکرێ
ستیان و مایۆ لەبەردەکەن و
دەچن بۆ سەر دەریا،
کاتێکیش سەرپەلکیان دەکرێ
ڕووت دەبنەوەو لەحەمام خۆیان دەشۆن.

٤- بژار کۆڵ پۆلیسێکی ماندوو نەناسە
مرۆڤایەتی پاك دەکاتەوە لە دز و جەردە.

٥- کشتوکاڵ تامی (ئاو) و تامی خاك و
تامی با و
تامی (خۆرەتاو) و
تامی جوتیاری لێدێ.

٦- جەنجەڕ شێیێکە
قژی خەرمان شانە دەکا.

٧- هەوجاڕ پڕگالێکە
لەسەر کاغەزی زەوی
هێڵی نیوە بازنەیی دەکێشێت.

٨- ئەم زەوییە هێندە لەگەڵ ئاودا جووت بووە،
ئاگات لێی بێت
لە لینجاوی شەهوەتیدا نقووم نەبی.

***

سەری ساڵە و
بەدیار پەرداغە ئاگرێك و
قاپێك مەزەی پشکۆوە دانیشتووم و
شیوەن لەنێو لۆچی گریانێکی منداڵیم دەکەم.



***

خەمی مووی سپی
لەسەر تابلۆیەکی پیر
دەمنەخشێنێت.

## (کاریکاتێر)

١- سەری شوانێ
کەوتە بەینی دوو شاخەبەران،
سەیری چاوکە،
وەك دانەی گوێز،
وەك تۆپی تێنس،
هەڵدەپەڕێ لەئاسمان.

٢- لەکەناری چەمێکەوە
ڕوانینم لکا بەقوڵایی ئاوەکەوە،
کیسەڵێکم بینی دەخشی،
بەنێو گژو گیای بنەوە،
وامزانی پیرەژنێکە
لەدەشت و دۆڵ
وێڵە بەدوای کاردی و کەنگرەوە.

٣- لەبناری شاخێکەوە لەدوورەوە،
ڕوانینم لکا بەپێدەشتێکەوە و
پڵینگێك مامزێك تاو دەدات،
وامزانی پشیلەیە
یاری لەگەڵ مشك دەکات.



٤- هێلکەیەکم خوارد،
گەر نەمخواردبا،
دەبوو بە جووجەڵەیەك.
جووجەڵەیەکم خوارد!!
گەر نەمخواردبوایە دەبوو بەمریشکێك.
مریشکێکم خوارد،
گەر نەمخواردبوایە
دەبوون بەدەیان مریشك
دەیان مریشکم خوارد،
گەر نەمخواردبوونایە
دەبوون بەهەزارەها مریشك.
هەزارەها مریشکم خوارد
گەر نەمخواردبوونایە
دەبوون بەملیۆنەها مریشك،
ملیۆنەهامریشکم خوارد
گەر نەمخواردبوونایە
دەبوون بە ملیارەها مریشك و
ئەوان ئێمەیان دەخوارد!! زۆر باشم کرد هێلکەکەم خوارد.

٥- کاتێ خۆر لێفەی هەورێ
بەسەر خۆی دا دەداو دەخەوێ
پرخە پرخی خۆرە تریشقە
بەردەوام دەبێ،
لەم کاتەدا چەند هەورێك بەدزی خۆرەوە
بەمەنجەڵ و بە قابلەمە ئاو
بەرەو ڕووی زەوی ڕۆ دەکەن.

٦- من تۆپێکم لەسەر یاریگای ئەم گەردوونە
دێوە زمەی نامۆیی دەمسوورێنێ،
ها کا ڕۆژێ لەرێگەی پەنارتییێ
یا شوتێکی لەناکاو
ڕەوانەم کا بۆ نێو دەروازەی قەبر و
گۆڵچی ئەجەل دەستە پاچە و
حەکەمی بەدبەختیم بڵێ
فیڕ / فیڕ / فیڕ / فیڕ /
دێوە زمەکەش بڵێ :
/ گۆڵ / گۆڵ / گۆڵ /گۆڵ / گۆڵ.



٧- کاتێ درەختی دارەبەن بریندار دەکرێ،
قەتماغەی دەکەن بە بنێشتی کوردی و!
پیرێژنێکی دەم تەپیوو دەیجوێت،
جق جق جق، پڵت پڵت پڵت،
فلتق فلتق فلتق، جق پڵت فلت.

٨- لەبناری شاخێکەوە،
لە دوورەوە،
ڕوانینم لکا بەگۆڕپانێکی یاری،
کۆمەڵێ گەنجی پۆشتەی ڕەش و سوور،
ڕایان دەکرد بەدوای تۆپێك دوور بە دوور،
وام زانی ئەوا مێروستانی ڕەش و سوورن
بەدوای دەنکە گەنمێگ وێڵن.

## (مۆمەکانی سەری ساڵ)

۱- چەند خولەکێك بەر لەهاتنی ساڵی نوێ
جووتێ مۆم لەسەر سینییەك کێك دەسووتان،
وەك دوو کونە لووتی ئەسپێك
لەئاو زنگی ڕکێف کوتان
دابیێتە بەر دۆڵێکی قوڵ
تا بگاتە چەمی ئەو بەر.

۲- سەری ساڵە ناو لەپی دەست
دووسینی بچکۆلانەن،
پەنجەکانم دە مۆمی داگیرسا و
دڵیش بوتڵی وێسکی سەرمۆر.

۳- لەهۆڵەکەی سەری ساڵدا
کار مامزێ بەرانبەرم لەسەر گا بەردێ دانیشتووەو
پوزی خڕو سپی و خرپنی خستۆتە سەریەك،
سینگی دوو مۆمی داگیرساو بوون،
نیگاکانیشم پەپولەیەکی گڕگرتوو
بەدەوریانا دەخولایەوە.



٤- لەمێزەکەی ئەوبەرەوە،
بوتڵێکی بەتاڵی سەرخۆش،
لەسەر گازەرەی پشت لەسەر مێزدا پاڵکەوتبوو
لەپێنج شەش لا دەتریسکایەوە .
دیار بوو پێنج شەش مۆم
بەنۆرە بەتیشکی ماچ دەیانلێستەوە.

٥- جگەرەیەك لەسەر تەپڵەکەکە داگیرسابوو،
چاوی لەمۆمێکی سەر بزێو بڕیبوو،
ئەم بەنوکە دووکەڵی خەمی بۆ دەنارد
مۆمی تیاترۆش مسکۆڵی تیشك و پێکەنین.

٦- بوو بە دوازدەی شەو
مۆمەکانی سەرمێز بەفوی عیشق کوژانەوە،
دەمیان خستە نێو دەمی یەك
تا تەواو ساردبوونەوە.
چەند مۆمێکی بێ عیشق نەکوژانەوە
بەخەم و خەفەت و مەراق توانەوە،
پاش تاوێك هەر هەموو مۆمەکان
بۆ عیشقی ئەم شەو پێکرانەوە.

٧- مۆمە کچێکی پوز سپی کەمەر باریك و گەردن درێژ
لەنێو مۆم دانی کورسییەکدا
بەوردە سەرنجی جوانی دەتوایەوە،
پەنجە مۆمی دەست و قاچەکانی
دوو مۆمی چاوەکانی و
دوو مۆمی گرکانی سینگی و
مۆمێکی سووری نێو دەمی
ئیتر ئیتر هەموو مۆمەکان
هەر دەسووتان و دەتوانەوە.

٨- کچێکی شۆخ
پرچی بوو بووە شەجەرەی سەری ساڵ و
تیشکی گلۆپ و مۆمەکان
بوون بە نەشرە و
پۆلێ ماچی سەوز و سووریش
ببوو بەدیاری بابانوئێل.

٩- مۆمەکان و گلۆپە کزەکانی ناو هۆڵ
ببوون بە ئاسمانێکی تاریك و ڕەشی پڕ ئەستێرە،
دوو کەڵی جگەرەکان ببوون بە هەورو تەم،
لەو کاتەدا کە لەنێو گڕی عیشق دا



دوو پێك لێك درا،
شەقەی ماچیان ئەستێرەیەکی ڕۆچوو.

١٠ - پرتەقاڵ و سێو و مۆزی ناو سەبەتەکان
خەریکی ماچ و موچ بوون،
ئەوەی من پێم سەیر بوو
تیشکە مۆمێك نیشانی دام،
پرتەقاڵ و سێوێك بەجووتە
حەزیان لەمۆزێك کردبوو،
بەهەردووکیان توند توند
لەئامێزیان گرتبوو.

١١- تیشکە مۆمێك پێی وتم سەیر بکە :
کە سەیرم کرد ئەوا چەقۆیەك
پرتەقاڵێك ڕووت ڕووت دەکاتەوە!

١٢- لەکاتی شاییدا
کاتێ سێو و مۆز و لیمۆ و
پرتەقاڵ و لالەنگی و کێوییەکان و
بوتڵ و پەرداخەکان و
کارمامز و کەروێشکەکان

دەستی یەکیان گرتبوو،
لیمۆیەکم بینی
بەس ناو قەدی توێکڵی پێوە مابوو،
لەسەر و بن بەچەقۆ پاك کرابوو،
هێند نەرم و نۆڵ و خەپە و سپی بوو
دەتریسکایەوە،
ئەم شوێنانە قەت ڕووناکی و
هەتاویان نەبینی بوو،
بۆ یەکەم جار بوو تیشکی گڵۆپ و مۆمەکان
پوز و بەرو سینگ و
ڕوومەت و شان و ملیان ماچ دەکرد.

١٣- لەو لاوە تاوسێکی سپی و جوان
بەسترێجێکی زۆر تەسك
سەمای دەکرد،
چی هەنگی نیگا بوو
بەرەو ڕووی پورەی بەژن و باڵای دەگەڕانەوە،
کاتێکیش لەسەر نوکی کەعبەکانی دەخولایەوە،
چی نیگا بوو دەتاسا! لەبەر لەرەی جووت شەمامەی پتەو و
لەبەر نوڕی
مۆمدانی ڕوومەت و قژ.



١٤- لەو لاشەوە جیسکێکی ڕەش
بۆیمباغی لەبەر سینگیا
قاتێکی ڕەش ڕەشی پۆشیبوو،
کەبەلووت سەیرم کرد زۆر خاوێنە
کە بەچاویش بۆنم کرد
بۆنی عیشقێکی سووتاوی لێدەهات.

١٥- هەموو مۆمەکان تا بەیانی
سووتان و تێکەڵ بوون و پێکەنین،
بەڵام کە خۆرەتاو لەپەنجەرە هاتە ژوور
بە شمشێری ڕقی تیشك
شەوقی گڵۆپەکانی کوشت،
شەوقی مۆمەکانی سەر بڕی،
زەوقی پرتەقاڵ و سێو و لالەنگی و مۆز و
لیمۆکانی کوشت.
هەندێ کار مامزو کەو و تاوس
پەرتەیان لێکردوو
بەشەقامدا فەنا بوون،
هەندێ بوتڵە شەڕابی سەرخۆش و
هەندێ لەقونچکە جگەرەی نوستو
هەندێ لەمۆزو لیمۆکان

لاشەیان شلك شلك
بەدەم سرودی عیشقەوە مردن،
بەڵام بەمردوویش
هێشتا پڕ پڕ بوون
لەعیشق و بڵێسە و
بۆنی ڕووناکی.



(...)

بەیانییەو
خۆرەتاو بەخوڕ دەبارێت
بۆ سەر خوناوەی مێرگی ڕەنگاو ڕەنگ،
چەند پەڵە هەورێکی جێ جێ
بووین بەچەتری دارستان.
دەنگی باڵندان
دەڕژێتە قوڕگی گوێچکەکانمەوە و
شەپۆل شەپۆل هەموو دەروونم پاراو دەکەن.
بۆنی خۆرەتاو هەناسەی شێدار و تەڕ کردم،
پەپوولەی چرۆی درەخت، لەقۆزاغە هاتنە دەر
بولبول بەنێو شەپۆلی دەریای خۆرەتاو
سەوڵی باڵەکانی لێ دەدا
بەرەو کەناری جەنگەڵستان ڕێ دەکا،
زارم پڕبووە لەشیللەی شیرینی و
خۆشەویستی،
چاوەڕێی دوو لێوی پەپولە ئاسا دەکا.

٢٠١١/٢/١٠

## (پەنجەرەیەكی كراوە)

من ماسییەكی چكۆڵەم،
لەدەریای خەم و خەفەت و غوربەت دا ناژیم،
ڕۆژێك دادێ لەئێوارەیكی غەمگینی ئاڕگۆنیدا دەمرم و
شەپۆلەكانی ئازار
بەرەو كەناری تەنیایم دەبەن،
ڕەنگە ببم بەخۆراكی
سیساڵكە كەچەڵێكی باڵ شكاو
یا خۆراكی نەورەسێكی ماندووی ڕێی دوور.
من پەپولەیەكی تەنیای پاییزم و
بەسەر گوڵ و گەڵای وەریودا گوزەر دەكەم،
بۆماچی دوا پەڕەی گوڵی وەریو سەرگەردانم،
من دەنكە گەنمێكی پەڕیوی
دەستی وەرزێكی پشت گۆماوم،
نەچۆلەكەیەكی برسی دەمخوات و
نەبارانێ سەوزم دەكات!
من شوشە عەترێكی ڕژاوم
ڕەشەبای مەرگ وردە وردە
دەمخوات و لەناوم دەبات.
من كلۆ بەفرێكی باریوم و



بەسەر گەڵایەكی هەڵوەریودا
دەتوێمەوە،
ڕوحی من پەڕسێلكەیەكی كۆچەرییە و
ساڵەهایە كوێستان و گەرمیان
لەنێو ئازار و غوربەت دا دەكات،
ڕوحی من ماسییەكی ڕیشاڵ شكاوە و
شەپۆلی سۆز دەیهێنێ و دەیبات،
ڕوحی من كەشتییەكی چكۆڵەی
سەوڵ شكاوی
نێو دەریایەكی بەرینە،
چاوەكانم دوو گردۆڵكەی قاوەیی و زەردباوی
قاقڕ و بیابانێكی غوربەتن،
چاوەكانم ئاخ! چاوەكانم
چاوەكانم تێر نەبوون لەدیدەنی جوانی،
لێوەكانم ئاخ لێوەكانم،
لێوەكانم تێر نەبوون لەخوناوەی گەردن و لەشیللەی لێو،
دەستەكانم ئاخ! دەستەكانم
دەستەكانم تێر نەبوون لەگرتنی قۆڵی نەرم و
لەشانەكردنی قژی خاو و
لەهەڵگوشینی سینگ و
لەهەڵگلۆفینی ڕان و دەست و بازو،

گوێچکەکانم ئاخ! گوێچکەکانم
گوێچکەکانم حەیران نەبوون
بەئاوازی بۆنی خۆشت،
هەستی بۆن کردنم ئاخ! هەستی بۆن کردنم،
هەستی بۆن کردنم تێر نەبوو لەمۆسیقای قژی خاوی
وەك ڕیحانت،
لەهەناسە و نرکەی دڵەی پڕ گوڵاوت.
هەموو جەستەم ئاخ! هەموو جەستەم،
جەستەم نەحەسایەوە لەسەر سیسەمێکی
نەرم و پڕ موحیبەت،
ڕوحم ئاخ ڕوحم،
ڕوحم ئاسوودە نەبوو
بەدیدەنی ئەو پەریانەی خۆشم دەوێن.



## (تابلۆکانی پێشانگای زمان)

١- ئەگەر زمان جاسوس نەبوایە و
قسەی دڵی نەدرکاندایە،
ئەم هەموو لاشانە
نەدەچوونە ژێر گڵ.

٢- زمان جاڵجاڵۆکەیەکە،
بەتەونی پەیڤ
نێچیر دەگرێ.

٣- زمان ئاوێنەیەکی شکاوە،
وێنەی یەك شت
بەچەندین شێوە پیشان دەدات.

٤- زمان ڕۆژێك بەرماڵی نوێژکەرێکە،
ڕۆژێك دەستەسڕی دەرۆزەکەرێکە،
ڕۆژێك لەچکی کچێکە،
ڕۆژێك قوماشی پەردەی مەیخانەیەکە،
ڕۆژێك تیخی شمشێرە و
ڕۆژێکیش لە لباد نەرم تر.

٥- زمان ڕووبارێکە،
بەخوڕ دەبێ و
لێڵ دەبێ و
بەڵام قەت وشك ناکا.

٦- زمان پەنگرە ئاگرێکە،
گەرمان دەکاتەوە و
دەشمان سووتێنێ.

٧- مرۆڤ درەختێکە
سەری پۆقژە و دەمی گوڵ،
هەندێ گوڵی بۆندار و
هەندێ گوڵی بێبۆن.

٨- زمان پورە هەنگی پەیڤە،
هەندێ هەنگی چزودار و
هەندێ هەنگی هەنگوینی.

٩- زمان بارانێکە،
هەندێ جار لافاو و کاولکارە،
هەندێ جاریش شەونمی نێو چیمەن و گوڵ.



١٠- زمان ماینە کەحێلێکی خورتە،
کە لەئاوزنگی توڕەبوونیدا
هەندێ جار
سواری مەعلانیش دەخات.

١١- زۆر جار زمان
کۆتری کڕ کەوتووی سەر هێلکەی
دانەکان بێت باشترە،
تا بەچکەی پەیڤ هەڵبهێنێت و
فێرە باڵە فڕکەیان بکات،
ئینجا بفڕێت.

١٢- زمان مارێکی بۆری دێزە،
زۆرجار زەرنەقوتە دەخوات و
زۆرجاریش دەکوژرێ.

١٣- زمان : مێژووە،
زمان داهاتووە،
زمان : خەیاڵە،
زمان سۆزە،

زمان : هەستە،
زمان نەستە،
زمان : ڕاستییە،
زمان درۆیە،
زمان : تەبەقەی ئۆزۆنێکە نەك تەنها ئاسمان،
بەڵکو هەموو زەوی و
ئەستێرەو مانگ و خۆر... ئیتر... ئیتر...
هەر هەمووی داگیر کردووە.

١٤- ددانەکان :
وشکە کەڵەکە بەردێکی کەوانەین،
زمان حەزیایەکی بێڕەزایە لەناویا.

١٥- زۆرجار زمان دەبێت بە زمانکەی نەی و
سۆزی غوربەت دەژەنێت،
زۆرجاریش دەبێت بەزمانکەی زوڕنا و
زەماوەند دەگێڕێت.

١٦- زمان باخەوانی
باخچەی سۆز و عەقڵە و
بەرو بوومیان دەفرۆشێت.



١٧- زمان غاباتێکی چڕەو
پڕ لەگورگی هێرش بەر و
پڕ لە کەروێشکی کەمۆ و
پڕ لە نهێنییە.

١٨- کاتێ پۆلە تەیری وشە
بەسەر تەنافی خەیاڵدا دەنیشنەوە،
جۆرەها ڕستە دروست دەبێ
ڕستەی سپی کۆتری،
ڕستەی ڕەشی قەلە ڕەشی،
ڕستەی سەوزی قەزوانی،
ڕستەی زەردی باشوکەیی،
ڕستەی مۆر و شین و سەوزی ڕەنگاڵەیی،
ڕستەی بۆری گورگی و
ڕستەی خەنەیی ڕێوی و
ڕستەی بەڵەکی کارمامزی و
ڕستەی ڕاست و ڕستەی درۆ،
پۆلێ تەیری ترسنۆك و
پۆلێ هەڵۆ.

١٩- زمان بۆ خۆی مارە و
پەیڤەکانیشی بێچووە مار و
بەنێو قەدی عەقڵەکاندا دەئاڵێن.

٢٠- زمان دووپشکە،
پەیڤەکان بێچووە دووپشك،
پۆل پۆل ڕستەی دووپشکەیی
هێرش دەکەن،
لەسەر خەیاڵێکی تەڕ دەنیشنەوە و
بەچزوی ژەهر وشکی دەکەن.

٢١- زمان قۆزاغەی پەپوولەیە
بۆ دواندنی گوڵێك،
پەیڤ پەیڤ، پەپوولە پەپوولە،
ڕەوە ڕەوە، بەدەوریا هەڵقە دەدەن،
دوای مژینی بەچزوی پێوەی دەدەن
وشکی دەکەن.

٢٢- زار مەڵبەندی کونە ئەشکەوتی شەمشەمە کوێرەیە،
زار مەڵبەندی پاساری و کۆترە باریکەیە
زار مەڵبەندی ڕێوی و شێرە
زار مەڵبەندی مار و دووپشك و حەزیایە،
زار باغێکی گەورە و فراوانە
شوێنی هەموو ئاژەڵێکی دڕندە و بێوەیە.

٢٣- زمان پردی پەڕینەوەی
ڕۆژگارە شوومەکانە.

٢٤- زمان بۆ هەندێ کەس
خەنجەری دەبانی نێو کالانی عەقڵە و
بۆ هەندێکی تریش خەنجەری
دەبانی نێو کالانی سۆزە.

٢٥- زمان ئەژدیهای حەوت سەرە،
بەڵام ئێمە هەر سەرێکی دەبینین.

٢٦- زمان باڵندەیەکی سحراوییە،
خۆی بەهەموو ڕەنگێك دەگۆڕێ،
بەڵام ئێمە هەر بەڕەنگێك دە بینین.

٢٧- لێو پاسەوانێکی کارتۆنییە،
لەئاست زمان.

٢٨- ددانەکان
دوو دیواری شوورەی
بەردەڵانن.

٢٩- زمان ڕەگی لەمۆخینەی سەرە و
جار جار تیری ژەهراوی دەهاوێژێ،
جار جاریش تاڵە تیشکی خۆرەتاو.

٣٠- زمان پەیژەی پیاهەڵگەڕانی
کۆشکی دێوەزمەکانی
مەرگ و ژیانە.

٣١- زمان کونجە مارێکی دێمە،
ئەو نازانێ هەرگیز هەرگیز
بەهێڵێکی ڕاست بخشێت.

٣٢- زمان تولە مارێکی تیژ تێپەڕە،
نهێنی خشینەکەیت بۆ ئاشکرا نابێ.



٣٣- زمان مارێکی دەم بچووکە،
لەعەقڵی هیچ کەسێکیش دانییە
نێچیری گەورە گەورە قوت دەدات.

٣٤- زمان کتێبێکی گەورەی مێژووە،
چەندی ڕاست و چەندی درۆ.

٣٥- زمان ماوسی کۆمپیوتەرێکە،
کلیك لەسەر هەموو شتێك دەکات.

٣٦- زمانی مانگا قیتارێکە،
لەسەر تاکە سکەی ددانەکانی بەهێڵێکی ڕاست دەڕوات و
لە چەند وێستگەیەك هۆڕن لێدەدا،
زمانی مرۆڤ قیتارێکە لەسەر و لەبنی سکەی هەیە
کەچی هەر بەخوار و خێچی دەڕوا و
بۆ هەمیشە هۆڕنی ڕەنگاوڕەنگ لێدەدا.

٣٧- زمانی کۆتر هەر بۆ گمە گمە
زمانی کەناری هەر بۆ چریکەی ڕەنگاو ڕەنگە
بەڵام زمانی مرۆڤ هیچ موختەبەرێك ناتوانێ ڕاڤەی بکا.

٣٨- هەندێ زمان تولە سەگی دڕن،
بەسێبەری خۆشیان دەوەڕن
هەندێ زمانی تریش بێ نمەك و صەی نێمگین،
بەساحێبی خۆشیان دەوەڕن.

٣٩- ڕستە : هێشووە ترێیکە لەحەرف،
هێندێ هێشووی شیرین و هێندیکیش بەرسیلەیی.

٤٠- قورگ شەپۆلی زێیەکی بەخوڕە و
زمان دەریاچە و ڕووباری دەرباز بوون.

٤١- قورگ فوی شەپۆلە هەوای زوڕنایە و
زمانیش هەزار پەنجەی زوڕنا ژەن زان.

٤٢- زمانی منداڵ
پەپوولەیەکی باڵ نەخشینە،
بەسەر گوڵی بەرائەتەوە دەنیشێتەوە.



**(تەنیایی)**

لە تاریکی ئەم دونیا ڕەشەدا،
هەنگاو هەنگاو،
دێمەوە بن فوارەی شەقامەکانی تەنیایی،
دەنگی ئەم گوڵە لووتی پڕ کردم
لەبینین و دەست لێدانی تامی سێو،
ئاسمان بۆ من دێوەزمەیەکی ڕەشە و
هەمیشە بەددانەکانی گۆشتم دەخوات و
ئێسقانەکانم دەکرۆژێ،
زەوی بۆمن تیمساحێکی گەورە و زەبەلاحە و
لە کۆزنگی پێمەوە تا ناوقەدم لەنێو دەمی
قووت دراوم و
وا دەمهاڕێت.
مەرگ دوا وێستگەی خۆشییە بۆ من!
تەنها لەمەرگدا
هەست بەحەسانەوە و بێئاگایی و خۆشی دەکەم؟؟!!
تەنها لەمەرگ دا کاتێ پێستی
شەویلگەو ڕوومەتم

دوای ماوەیەك دادەچۆڕێت و دا دادەتروخێ و دادەتەپێ
ئەوجا دەم بەپێکەنینەوە ببینن
ئەوجا بزانن کەحەساوەمەتەوە،
لەدەست ئازارە زۆرەکانی ژیان.



## (پەنجەرە)

-پەنجەرە عاشقێکی هەرزەکارە،
ئامێزی بۆ هەموو
جۆرە بایەك ناکاتەوە.

- پەنجەرە ڕقی لەبارانە
بەچەپۆکی خۆی دادەخا و
هەرگیز ناهێڵێ بێتە ژووری.

- پەنجەرەی باڵەخانەیەك
عیشقی پەنجەرەی کەلاوەیەك بووە،
ئەوەتانێ بەمەسجی خۆرەتاو
نامەی تیشك دەگۆڕنەوە.

- پەنجەرە ڕقی لەزستانە
چونکە دڵدارییەکەی کز دەبێتەوە
دەستی خۆرەتاوی کەم دەگاتێ و
مانگ و ئەستێرەش بەڕوویەوە
سەما ناکەن.

**- پەنجەرە عاشقی خۆرەتاوە،**
**خۆرەتاویش بێدەنگ و نەرمە**
**چەند زۆر بێتە ژووری**
**هێشتا هەر فەرمووی لێ دەکا.**

**- پەنجەرە عاشقێکی چاو بازە،**
**بۆیە باڵندە و چۆلەکەکان**
**لەدەوری کۆ دەبنەوە.**

**- پەنجەرە عاشقی خۆرەتاوە و**
**بەشەوانیش دڵداری لەگەڵ مانگ و**
**ئەستێرەکانیش دەکا،**
**بۆیە پەردەی حیجابی بۆ کراوە.**

**- پەنجەرە شەوانە**
**بە دزییەوە لەدیوارەکان دێتە دەرێ و**
**دڵداری لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان**
**دەکات و**
**دەرگاکانیش**
**ماچی دەکەن.**



## (هێلانە)

**ستیانەکانت هێلانەی جووت کۆترن،**
**جووت کۆتری خرپن و سپی،**
**جووت کۆتری دەنووك سوور و سپی خرپن،**
**لەسەر دڵەی هێلکەیەکی کۆنە ساڵە کڕکەوتوون،**
**ئاخۆ کەی بێ**
**عیشقێکی تازەی بەهاری بتروکێنن.**
**چاوەکانت دوو پەڕە سێلکەی زیتەڵن،**
**کە دەخوێنن**
**چی پەپوولە و بولبوول هەیە**
**بەقژی خاوتا دەنووسێن،**
**ڕەنگی سووریش بەڕوومەتت.**
**بەژنت تیرێژە هەورێکی بەرهەتاوە،**
**سا چاوەڕێم ئەی جوانە کچ**
**هێلکەی ئەو دڵەی کۆنە ساڵە بتروکێنن**
**عیشقێکی تازە هەڵبێنی.**

**٢٠٠٨/١/١٤**

## (شانۆگەری)

کەنارییەکی هونەرمەند لەسەر پڕاڵی درەختێکەوە
وتی : بێزەوقییە کارمامزەکەی جیرانمان
مێردی بە پیرە ئەسپێك کرد!

- پیرەگایەك سووی بووە و وتی :
شانسی هەیە!

- پیرە مەڕێك وتی نا!
زستانەکەی تووشە و
پیرە ئەسپیش
کادینێکی گەورەی هەیە.

- کارە کۆریسێکی چاو ڕەساسی و
پرچ کارێ و گەردەن سپی وتی :
ژیان لە کادینی پڕ جۆ خۆشە.

- بنە شەواشینکێك وتی :
پیرەبییەکی پڕ گەڵاو چاو خومار
بێتە داوام دەمەوێ.



- چەقەلە باوی سەر سپی هەڵیدایێ :
تەنیایی
ئەو قەت پاڵەم
لە شووکردن پێخۆشترە???

- قەرە قاجی و بەلاروك
وتیان : ئێمە هەردووکمان ژنی
پیرە دارێکی ڕزیوین، کەچی
نەفەقەی هەردووکمانیش دەدات.

- دارگوێزێك لەولاوە هەڵیدایێ :
من لەتافی لاوی شووم بەم دار بەڕووە کردووە و
ئەوەتانێ بۆ هەمیشە
باوەشمان بۆ یەك کردووەتەوە و
ساڵ بەساڵیش
لق و پۆپی پەنجەکانمان
بەنێو عیشقی یەکتر دەخشن.

- لەسەر لقەدرەختێکی سووتا و
بولبوولێکی تورە و هەست ناسکی
سۆر و سپی،

چریکاندی
بەدەنگەکەی ناسیمەوە
ئەمە (ئەکرەم خامۆش)[1] ە و
لەپەنجەرەی نهۆمی دووەمی
شوقەکەی سەری دەرهێناوە و
چاویلکەکەی
تەم گرتوویەتی و
چاوە شینەکانی ڕەشکەو پێشکە دەکەن و
پڕ بەگەرو هاوار دەکا
زۆر بەتان بەهەڵە داچوون،
تەنها کەناری و دار گوێز ڕاست دەڵێن.

---

١- (ئەکرەم خامۆش) مەبەست لە (د. ئەکرەم خامۆش)ی مامۆستای زانکۆی کۆیەیە کە شاعیرێکی هەست ناسکە.



## (غوربەت)

زنەی عیشقم
بەڕووباری غوربەتێکا دانووساوە،
بۆیە هات و هاوارمە و
جەرگ و دڵم لەناخەوە داهەژاوە.
چاوەڕوانم،
ئێوارەیە و وەکو جاران هەراسانم
وەکو جاران بۆنی غوربەت
داباریوە بەسەر شانم،
وەکو جاران ئێستاش بێداڵدەو پەناگەم،
وەك چۆلەکەیەکی ڕێ لێون بوو
لەئاسمانی ئێوارەیەکی غوربەتدا
بەدوای داڵدەی پەسارگەیەکە سەرگەردانم.
وەکو جاران ڕوحی ماندووم
بەدوای کفن شۆڕێك دەگەڕێ،
لەهیلاکی ئەمشەوەدا
لەنێو دووچاوە ڕەشەکەی
کۆنە یارەکەی جارانم

کەوا چەند ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵە لێیدابڕاوم،
لەنێو چاویا جوان جوان بمشواو
لەنێو گۆڕستانی قژیا ونم بکا
جا ئەوکاتە تامی شیرینی
مردن دەزانم.



## (چوار چای گەرم)

چوار چای گەرم
بەلەنجەو لاری ئاوازێك هاتنە سەرمێز.

چای یەکەم :-
پیرەپیاوێك
بە کەوچکێکی چەقۆ سەری بڕی و بێنی پیانا،
چاش لەتاو ڕوحی خۆی
هێرشی هاڵاوی هەستاو
دەم و لێوی داخ کرد.

چای دووەم :-
کەوتە دەست گەنجێکی بزێو
چەقۆی لەنێو دڵی وەردا،
چا قیژاندی، خوێن فوارەی کرد
ئاخی گەرمی بەخوێنی سوور تێکەڵ کرد،
ڕەشەبای فو کەوتە شەڕ لەگەڵ چا دا
تا هیلاك و نیوە کوژی کرد
بەیەك بێن ژێر پیاڵەی فڕ کرد .

چای سێیەم :-

لەداخی ئەم پیاوە تورِانە
شەقی بردو و خۆی شەهید کرد.

چای چوارەم :-

لەداخانا هەر دەکولاو خەمی دەخوارد
بیری دەکردەوە وەك هاورِێکەی
خۆی بکوژێ!
یا رِابکاتەوە نێو قۆری،
بەلاّم کەدەستی ئافرەتێکی گەییێ هێور بووە وە و
خۆی بێدەنگ کرد ،
کەوچك بەنەرمی تێکوەردرا ،
پاش گفتوگۆیەکی نەرم و
زەردەخەنە و یەك دوو نیگا ،
پیالّە خۆی هەستایە سەر پێ و
لێوی نا بەلێوی ناسکی کیژۆلّەکە و
قوم قوم ماچی پێدەبەخشی،
قۆری لەو لا هاتە سەر مێز
بەزەردەخەنەو دەست لەسەر سینگ
چایەکی تازەی بۆ تێکرد ،
شەکردانەکە بەشەلەشەل



خۆی هەلّدایە سوچی سەرمێز
یەك دوو کەوچك شەکری تێکرد ،
خۆرەتاویش دوو سێ تالّە خۆری نارد و
رِۆشنی کرد ، رِوو سووری کرد ،
کورسییەکانی دەوری مێزیش
یەکتریان لە ئامێز گرتو دەنسیان دەکرد ،
مێزەکەش زۆر دلّ خۆش بوو
هەر هەموویانی لەئامێز گرت.

(...)

چەند حەز دەكەم كە دەتبینم
هەموو جەستەم بێ بەدەم و
بەیەك كەڕەت هەموو جەستەت
تێر بمژم و تێر ماچ بكەم،
چەند حەز دەكەم كە دەتبینم
هەموو جەستەم ببێت بە چاو و
بەیەك كەڕەت
بێ چاو تروكان و شوێن گۆڕین
هەموو جەستەت ببینم و تێر سەیرت كەم،
چەند حەز دەكەم
هەموو جەستەم بێت بەلووت
لەگۆزینگ و خرخاڵی بەر پێت
تادەگاتە قژی خاوت
تێر بۆن بكەم،
چەند حەزدەكەم كە دەتبینم
هەموو جەستەم ببێت بەگوێ،
بۆ ئەوەی ئاوازی
لەرینەوەی باڵات و وتەی جوانت
ڕۆچێتە نێو



ئێسك و مۆخ و هەموو جەستەم
نەك تەنها گوێم.
ئەمجارەیان حەزبكەم یاخود حەز نەكەم
هەموو جەستەم بووە بە لەمس،
وەرە بلكێ بەجەستەم
تا چاو لەگەڵ چاو
زوڵف لەگەڵ پرچ
لێو لەگەڵ لێو
دەستەكانم لەگەڵ دەست و پەنجەكانت
ئیتر ئیتر... بەهەموو جەستەم
تێر لەمست كەم.

## (ماچێکی بەجێماو)

ئەو پیاڵەی کە تۆ ئاوت پێ خواردەوە،
لەجێی لێوی بەسوراوت ماچێکت بۆ جێهێشتبووم،
لێواری پەرداخەکە سوور بوو،
وەکو کوزە لیمۆیێکی لەتوێکڵدا داماڵدرابێ،
وردە هێڵ و خەت و سەری زمان و
وێنەی جووتە لێوەکان بەجێمابوون.
لەدوای تۆ منیش پەرداخێ ئاوم خواردەوە،
لێوم نا بەشوێن لێوی تۆ،
سوراو تینو بوو بۆ ماچ و
بەلێومەوە نوسایەوە و
تا ئێوارە هەر لێوی خۆم ماچ دەکردو و
سەری زمانی خۆم دەکرۆژی و
سوراوی سورم دەنۆشی،
وای کەخۆش بوو، وای کەخۆش بوو
ئەو ماچەی کە بەجێت هێشتبوو
بۆ تینوێتی عیشقەکەی من
بۆ زام و برینەکانی من



هەتوانێك بوو سارێژێك بوو،
وای کەخۆش بوو وای کە خۆش بوو،
ئەوە ئاو بوو؟ یا شیللەی لێوی تۆ بوو من دەمنۆشی،
کام شەربەت و کام شەرابی خوێنی ترێ
بەقەد ئەم پەرداخە عەترە خۆش بوو،
دڵی شەیدام تا چەند ڕۆژێ دڵی خۆش بوو،
پێی سەرخۆش بوو،
وای کەخۆش بوو، وای کەخۆش بوو.

٢٨/ ٢ / ٢٠١٠

## (کابووس)

لەتاریکە شەوی زستاندا
سێ دەنگ لەبێشەڵانی تەنیایی
لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بوون،
دەنگی لورە لوری ڕەوە گورگ و
حوحەی چەقەڵ و هاواری من،
لەناکاوێ بوو بەهەزار دەنگ
پڕمە و لشمەی گورگ و
سیڕەی ددان و
خۆهەڵشاخین و تاودان و
خش و هۆڕی غەرە بەرد و
ترپە ترپی دڵی من و هاواری چەم و
ترپەی باران و
وژەی با و
بۆنی تاریکی و
بنەدەوەنی سووتا و
هەرهەمووی بوون بەزارێکی گەورە
بۆ قووت دانی من.



## (بەیانییەکی خۆش)

بەیانییە کەڵەشێر دەچریکێنێ
بولبوول دەقوقێنێ،
پشیلە دەحیلێنێ
ئەسپ دەمیاوێنێ،
سەگ دەلورێنێ
گورگ دەوەڕێ
مانگا دەباعێنێ،
بەرخ دەبۆڕێنێ
مامز گارەگار دەکا و
چۆلەکە دەگمێنێ،
کۆتر دەقاسپێنێ
کەو دەجریکێنێ
ڕێوی دەجریوێنێ
مار فیتەی لێدەدا و
شوان دەفیشکێنێ،
بۆق لەنێو قەفەز دەخوێنێ
کەناری لەکەنار ئاو دەقیڕێنێ
مانگ بەدەرەوەیە و
هەتاو بزر بووە

تەیرو توار بەشەقامدا دەڕۆن و
بەران دەفڕێ و شاخ لەهەورەکان گیر دەکا
کەشتییەکان بەشەقامدا دەڕۆن و
سەیارەکانیش بەسەر زێی دووکان دەخولێنەوە،
قژم تاشراوە و
ڕیشم یەك گەز درێژ بووە،
جگەرەیەك بەکونی گوێمەوەیە و
لووتم گۆرانی دەڵێ و
دەمم گۆرانییەکە دەبیستێ و
پێڵووی چاوەکانم چەپڵە لێدەدەن و
دڵم بۆنی گوڵ دەکا و
پەنجەکانم ڕوومەتی
سێوێکی ناسك ماچ دەکەن،
شیشێك ئاو لەسەر ئاگرەکە
دەبرژێ
پەرداغە کەبابێك لەسەر مێز دانراوە،
باران تەڕ دەبێ و
ئاگر خۆی دەسووتێنێ
وەی لەو بەیانییە خۆشە.



## (لەگەڵ تۆدا)

بەرلەوەی من تۆ بناسم،
بەر لەوەی خۆشەویستم بی،
من زۆر بیرم لەتەمەن و
بەسەرچوونی ساڵ دەکردەوە.
کاتێ دەمدی تاڵە موویەکی سپی
بەنێو قژما هەڵشاخیوە،
هەرەسان دەبووم و ژانم دەکرد،
بەڵام لەوەتەی تۆم ناسیوە،
هەر هەموو سەریشم سپی بێ و
ددانەکانم هەڵوەرن و پشتم گۆم بێ و
دەم و چاو و ڕووخساریشم چرچ و لۆچ بێ
نەگوێم لێیە نە بیریشی لێدەکەمەوە،
تا ئەو کاتەی تۆی خۆشەویست لەگەڵمابی
من وا هەست دەکەم منداڵم و
لەنێو بێشکەی
باوەشی تۆم و ڕامدەژەنی.

***

خۆزگە مرۆڤیش
وەك ئاژەڵ و باڵندەكان
یەك وەرزی شەهوەت و
جووت بوونی هەبوایە!،
تاوەكو لەوەرزەكانی تردا
كەمێ ئارام و دڵخۆش بوایە؟!؟!!!.

٢٠٠٨ /٨/٢٢



## (شەهید سەلیم)[١]

لەزیندانا،
لەژێر ئەشكەنجە و لێدانا،
چاوەكانیان دەرهێنا بوو،
نینۆكی دەست و قاچەكانیان هەڵكێشابوو،
كەچی لەگەڵ ئەو هەموو ئازارانەشدا
وشەیەكی نەدركاندبوو.
نهێنی و ڕازی دڵی پاك،
بەخاكی پیرۆزی سپارد
خاكیش لەئامێزی گرت و تێر ماچی كرد،
ئاوێتە بوو تێكەڵ بەخاكی نیشتمان،
سەد هەزار سڵاو لەگۆڕت،
هەڵگری ئاڵای كوردستان،
شەهید سەلیمی قارەمان.

١– مەبەست لە (شەید سەلیم حەنا)ی گوندی هەرمۆتەیە. ناوبراو سەركردەیەكی قارەمان بوو، لە ساڵی (١٩٨٧) لەژێر ئازارو ئەشكەنجەی ڕژێمی بەعس گیانی لەدەست دا.

## (شیعرێکی بونیادگەری)

قورگی وشك بوو لەتێنان،
سکی دەکوشێ بۆ لەتێ نان،
فەقیر نازانێ لە تێ نان؟!
ئاخ لەتێنان، ئاخ لەتێ نان، ئاخ لە ت ێ ن ا ن.
بێ مایە و بێ سەرمایە
بەهاوینان سەرمایە،
جلکی دڕاو لەسەرمایە،
هەر دەژین سەرمایە،
ئاخ سەرمایە، ئاخ سەرمایە، ئاخ س ە ر م ا ی ە،
بن مایە لەو سەرمایە،
لەتێ نان،
لەتێ نانە؟ / لەتێنانە
ل - ل / ە ت ێ ن - ن ا ن - ن ە ە.
لەسەر لەتێ نان
هەزارەها کوژران.

٢٣/ ٨/ ٢٠١٠



## (...)

- بنوو شتێوە
بادەرکەوێ درزی مەمك،
سوورە هەناری بن پەلك.
- بنوو شتێوە
بادەرکەوێ دوو کوڵمی ئاڵ،
قژی خاوت شۆڕ بێتەوە
وەك دوو ڕووبار،
وەدەرکەوێ
جووتێ گوارەی ورشەدار.

***

- کەپاییزی خەم دەبێ بەمیوانم،
درەختی جەستەم زەرد هەڵدەگەڕێ،
گەڵای فرمێسکی زەردو و ئاڵم،
لەچاوانمدا گشت هەڵدەوەرێ.
- کەبەهاری شادی بووە میوانم،
درەختی جەستەم چرۆ دەکا،
سێوەلاسورەی دڵەی زامدارم

سارێژ دەبێت و
بەدەم شنە بای تەزووی عیشقەوە
هەر سەما دەکا.

***

لەڕۆژگارێکی تاریك و نۆتەکە و ئەنگووستە چاو،
مەندیلەکەی مەلای گەورە[1]
بوو بەتریفەی مانگی چواردە
بوو بە چەمبەری خۆرەتاو،
تاهەتایە هەر زیندووە و
هەر لەبەر چاو.

***

ئەم ڕووبارە لەشکرێکی گڕگرتووە
بەخوێنی سوور،
ئەوەتانێ بەشمشێری شەپۆلان
دار و دەوەنی کەناران
هەڵدەپاچێ و دادەپاچێ.

١– ئەم مەلایە ڕۆشنبیرە بوو، بە ئەقڵێکی کراوەوە بیری دەکردەوە و بۆ خوێندەواری دنەی خەڵکی دەدا. یەکەم کەس بوو لە کوردستاندا کە کچەکەی خۆی (نەجیبەخانی جەلی زادە) بنێرێتە قوتابخانە و لەتەك کوڕاندا دانێ.



## (چەپکێ شیعری شێوەکاری)

١- ئەم دار قەیسییە چەند عاشقە،
ئەوەتانێ پۆلێ بولبوولی
زەردو و سوور و نارنجی
بەلق و پۆپی خۆیان هەڵواسیووە.

٢- ئەم دار هەنارە سەوزێکی ڕەونەق داری چەند جوانە،
ئەوەتانێ هەزارەها لێوی سووری گرتووە.

٣- ئەم دار گەرازە چەند شەنگە،
ئەوەتانێ بەهەزارەها چاوی سەوز
سەیرم دەکا.

٤- لەئێوەرەیەکی غوربەتدا
ڕەوە ئەسپێکی سپی و سۆر و شین و
زەردباو و ڕەش و دێز،
بەسەر ئاسۆی شەقامی خۆرەتاو
ڕکێفیان دەکوتا،
ئەسپەڕەشێکی یاڵ سوور و بەلەك سپی،
لەپێش هەموویانەوە دەیحیلاند و خۆی تاو دەدا.

٥- لەئاسمانی شینی خەیاڵمدا،
لێشاوێ پەپوولەی هیلاك،
لێشاوێ پەپوولەی ڕەش و
شین و مۆر و سەوز و سوور و نارنجی و
قاوەیی خاڵدار،
بەسەر گوڵزاری دڵم دەنیشنەوە و
ماڵی دڵم دەبێت بەهەناسەی ئەوین،
ماڵی دڵم دەبێت بە بەهەشتی بەرین.

❋❋❋

ئەم بنە سماقە چەند جوانە،
هەزارەها خاڵی سەر
گۆنەی نازدارانی دزیووە.
ئەم لوتکە چیایە توێژاڵێکی تەنکی بەفری گرتووە،
دەڵێی شۆڕە سوارێکە
بە لاوی سەری سپی بووە.



## (بووک و زاوا)

کاتێ دوو ڕووبار پێکدەگەن،
لەحەژمەتی ڕێی غوربەتا
باوەش بەیەکتری دەکەن،
تێر یەکتری دەمژن و تێر ماچ دەکەن،
کەف و کوڵ و زووخا و و خوێن تێکەڵ دەکەن.

❋❋❋

هەتاو قژی تاڤگە شانە دەکا،
(با) قژی گەڵا جاڕ.

❋❋❋

سەرەتای بەهارە و
دار هەناری عاشق و دڵ تەڕ
گڕی گرتووە بۆ تیشکی خۆر،
سەراپای بووە بە پشکۆ و ژیلەمۆ.

❋❋❋

ئەم دار مێوە چەند جوانە،
ئەوەتانێ لەسەد لاوە
شەرغەی مێشەنگوینی گرتووە.
ئەم سپینداره تاوان بارە و
قژی هەزارەها کچی بڕیووە.



## (پەپوولە)

هێندە مێژووێکی پاکت هەیە
لەبەخشین و ناسکی و جوانی،
من نازانم چیت بۆ بنووسم.

## (هەنگ)

ئەگەرچی چزوداری و
لەتۆرەمەی زەردەواڵەی،
بەڵام شیرنایەتی لەچاوەکانت دەبارێ.

***

مانگە شەوە و
مێروولەیەك دەنكێ گەنم بۆ ناو شارەكەی دەبا،
مێشەنگوینێك
لە مژینی شیللەی هەلاڵان دێتەوە،
عاشقێکی مەست
دواپێکی خۆی هەڵدەدا.
دوو عاشقی مەست
بەدەم دەم نانە ناو دەمی یەك
دە دەمێنن و دەخەون.
تەنها منم بێداری شەوی
درێژی غوربەتی پاییزم،
تەنها منم خەو چاوەکانم ناباتەوە.



## (فۆتۆگراف)

ئێوارەیە و خۆر نوقمی دەریا بووە و
بەئاستەم تروسکایی ماوە،
شەپۆلەکان بەسەریەکدا دێنەوە و
نەورەس و باڵندەکان
دوا جریوەیان هەڵدەڕێژن،
بەلەمێکی تەنیاو تەنیا و...تەنیا...
بەهێواشی سەوڵی لێدەدا و
تاوەکو گەیشتە ناو خۆرەتاو و
وەك تارمایی لەبەرچاوان فەنابوو.

## (ڕێژنە)

وەرە گیانە دوعا بکە
ئەو بارانە باش ببارێ،
بەڵکو گیانە قژت خاوکاو
جووت مەمکۆڵەت
وەك دوومەڵان
خێوەت هەڵدەن لەبنارێ،
بەڵکو گیانە،
ئەم پۆشاکە تەنك و جوانە
هەمووی تەڕبێ،
موو بە مووی جەستەی ناسکت
زۆر شلك و جوان،
سەرنج بداتە ڕێبوارێ،
دووعای منەو با ببارێ.



## (......)

سەرما و کرێوەو بابوسکە و
تەرزە و بەفر و بارانی
ئەم زستانە
لەهەناسەی ساردم دایە.
نێڵە نێڵی سۆباکانی هەموو ماڵانی ئەمشارە لەدڵمایە.
بەڵام جەستەم زۆر بێواز و ماندو و کەنەفت
چارەم هەر ئەوچارەیە،
وەك برایمۆك ڕووت ڕووتم بکەنەوە،
لەو سێ کچەی خۆشم دەوێن،
حەمامی ژنانم بۆ بکەن و
بەسەر جەستەم دابێنەوە و
گەرمم کەنەوە.

***

هێندە سەیری
شانەهەنگوینی چاوەکانتم کرد،
تووشی نەخۆشی شەکرە بووم.

## (وەرزەکان)

هەلاق خانە وەرزی پاییزە
ئێمە درەخت و مەقەست ڕەشەباو
قژمان گەلاّی وەریو.
دوکانی ئاسەنگەر وەرزی زستانە،
تەقەی چەکوش هەورە تریشقە
ئارەقەی نێو چەوان باران،
پارچە شیشەش لەولاوە
دەستیان خستۆتە سەر ئاگر لەسەرمان.
چایخانە وەرزی هاوینە، سەماوەر خۆرەتاو
قۆری زیکزیکە
ژێرپیاڵە گوڵ
پیاڵە هەنگ و بولبول.
فرۆژگای کەمالیات وەرزی بەهارە
پڕلەگوڵی ڕەنگاو ڕەنگی شووشە عەترە،
پڕلەسوراوی خونچەی گوڵ،
پڕلە ئاوێنەی جۆگەلەی ئاو
پڕلە کوللەی نینۆك بڕ،
پڕلە شانەی مارەزیوەو
تۆقەی پەپوولە،



پڕلەهەوری گەواڵەی
ڕێژنەبارانی نیگای کچی شۆخ،
پڕە لەخۆرەتاوی جوانی، پڕە لەڕەنگی تێرو تۆخ،
لەولاوەشەوە ملوانکەیەکی سوور بووە بەئاگری نەورۆز و
کەوتۆتە کڵپەو جۆش،
کلدانەکەش ئاگرێکی تر بووەو
خامۆش بووەو بۆتە خۆڵەمێش.

***

دەنکە تەرزەیەك پەپولەیەکی کوشت،
هەنگێك ئاخی هەڵکێشا،
خاڵخاڵۆکەیەك باڵەکانی خۆی سوتاند!!
بولبولێك چریکاندی
شاعیرێك گریا.

***

با ماچی گوڵی کردووە،
بۆیە دڵی زۆر خۆشەو هەردەڕواو
هەلهەلە لێ دەداو
بۆنی ماچی لێ دەبارێ و
چوکلێتەماچ دەپرژێنێ.

## (تاڤگە)

١-تاڤگە ژنێکی ڕووتە!
لەبەر فوارەی خۆرەتاو خۆی دەشوات و
بلْقە کەفی شامپۆ لەبسکەکانی دادەچۆڕێ.

٢-تاڤگە ئەسپە شێێکی سپی زیوییە،
پڕوپۆی پەرچەم و کلکی چەند جوانن،
کاتێ لەبەرزاییەوە دەحیلێنێ و خۆی هەڵدەدا!!

٣-تاڤگە پەنجەرەی شکاوی باڵە خانەیەکە،
بەشرقەو بڵێسە نغرۆ دەبێتەوە.

٤-تاڤگە ماسییەکی زیوییە
لەبەرزییەوە خۆی هەڵدەدات.

٥-ئاو زۆرکچ و کوڕی هەیە!!
تاڤگە جوانترین کچی ئاوە.

٦-ماسی زۆر عیشقی تاڤگەیە،
ئەوەتانێ بۆماچێکی گەردەنی
بەقەدوو بالآی هەڵدەگەڕێ.



٧-هەرماسی نا مرۆڤیش عیشقی تاڤگەیە،
ئەوەتانێ لەهەرشوێنێ بێ سەردانی دەکەن و
بەنیگای چاو تێر تێر ماچی دەکەن.

٨-کاتێ تاڤگە بەرگی پەلکەزێڕینە لەبەر دەکات،
ئێمەی مرۆڤیش زیاتر عیشقی دەبین و
بەنیگای چاوەکانمان
بەتامەزرۆیی تێر تێر ماچی دەکەین!!!

٩-خۆزگەم بە باڕێزە،
ماڵی لەژێر بسکی تاڤگە چێکردووە.

١٠-خۆزگەم بەم قەوزە سەوزە قەدیفەییە،
لەژێر پەرچەمی تاڤگە
هەناسەی ئارامی دەدات.

١١-کەلافاو هەڵدەستێ
تاڤگە دەبێت بەئەسپێکی سوری توڕەو
پڕ بە گەرووی دەحیلێنێ
ڕکێف دەکوتێ بەنێو تاشە بەردوو چەودا
خرمەی ناڵ و بزماری دێ.

١٢-کە تاڤگە دەمرێ ئیتر بارێزە سەما ناکا
خۆرەتاو پێناکەنێ
قەوزە خۆی دەکوژی و
ماسی هیچی تر گەردنی ماچ ناکات
مرۆڤ نیگای ماچەکانی بەگەردەنی نالکێنێ.

١٣-دڵت تاڤگەی سوورە
ماسییە سپییەکەی ڕوحم
بەنێو قەدیا هەڵدەگەڕێ
بۆماچی ژێر چەنەو ڕوومەت.

١٤- نیگای چاوەکانت تاڤگەیەکە لەتریفەی مانگ
دەڕژێتە دەریای دڵمەوە.

١٥-تاڤگەی نیگای چاوی هەردووکمان بەیەك لکان
پەلکە زێڕینەی عیشق دروست بوو.

١٦-حوشترێکی مێ میزی دەکرد
شێتێك گوتی: وەی وای!! لەم تاڤگە جوانە.



١٧- شمشاڵ تاڤگەیەکەو
دەڕژێتە گوێچکەی دڵمانەوە.

١٨- دەنوکی کەو تاڤگەیەکی سوورە،
خوڕەی قاسپەکەی دەڕژێتە
دەریا سەوزەکەی بەهار.

١٩-هاوێنە تاڤگەی خۆرەتاوە
دەڕژێتە دەریاچەی چاوەکانمانەوە.

٢٠-ملی ڕیشۆڵە تاڤگەی ڕەنگە!!

٢١- چاوی پشیلە تاڤگەی ڕووناکییە
دەڕژێتە دەریای تاریکییەوە.

٢٢-هەڵمی کەباب تاڤگەی بۆنە و
دەڕژێتە دەریاچەی لوتمان.

٢٣- پاو پووز تاڤگەی شەهوەتەو
دەڕژێتە دەروونی شێواومان.

**٢٤-سرکە تاڤگەی تامە و**
**دەڕژێتە دەریاچەی دەممانەوە.**

**٢٥-مەمك تاڤگەی لەمسە**
**دەڕژێتە دەریاچەی هەردوو دەستمانەوە.**



**(.....)**

**خۆشەویستیم لەڕ بووە،**
**بەماچە تەڕەکانی تۆ،**
**بەماچە گۆشتنەکانی تۆ!!**
**دەبۆژێتەوە.**
**خۆشەویستیم سارد بۆتەوە،**
**بەماچە گەرمەکانی تۆ**
**شیرتێن دەبێتەوە.**
**خۆشەویستیم**
**ترش و ئالۆزە،**
**بە ماچە شیرینەکانت مێخۆش دەبێتەوە.**
**خۆشەویستیم ئاجوغ بۆتەوە،**
**بە خۆرەتاوی ماچەکانت**
**سەوزو تۆخ دەبێتەوە.**
**خۆشەویستیم ژاکاوە**
**بەرێژنەی ماچەکانت**
**پاراو دەبێتەوە.**

***

ئەمشەو ئاوریشمی فرمێسکەکانم
وەك شەوانی تر نابەخشم بەخاك،
بە برژانگەکانم دەیچنمەوە و
بەرگی نامۆیی لێ دروست دەکەم
بۆ دەروونی سەرمابردەم.



## (ئاوێنە)

١- ئاوێنە تاڤگەیەکە لەچیای دیوار.

٢- لەدوای تۆ سەیری ئاوێنەم کرد ،
وەهمی تۆم تیابینیەوە لەباتی خۆم.

٣- ئاوێنە ڤیدیۆیێکی بێکاسێتەو هیچی لەسەر خەزن نابێ.

٤- ئاوێنە کامیرایەکی بێ میمۆرییە
هیچ وێنەیەکی بۆناگیرێ.

٥-ئاوێنە یادەوەری کوێر بۆتەوە کەس ناناسێتەوە.

٦-هەموومان نەرگسین،
ئەوەتانێ ڕۆژێ نییە
لەئاوێنەدا
تێر تێر سەیری خۆمان نەکەین.

٧-ئاوێنە هەموومان پیر دەکات
خۆشی هەر جاحێڵە.

٨-ئاوێنە بۆیە پیرنابێ جوانییەکانی ئێمە دەدزێ.

٩-ئاوێنەیەك بوو بەدوولەت
هەر لەتەو بوو بەنیشتیمانی خۆی.

١٠-ئاوێنە ئەفرێنەر نییە
وەکو توتی:
چ ببیستێ هەر ئەوەت بۆ دەگێڕتەوە.

١١-ئاوێنەیەك لەدەستم بەربووەوەو بوو بەدەلەت
گەلێ ترسام و گوتم ڕوحی دەرچوو
کەسەیرم کرد وێنەم لەسەر هەردە لەتەکە بوو بە دە ڕوح.

١٢-ئاوێنە نامرێ
کاتێ دەکەوێ و پارچە پارچە دەبێ،
زاوو زێ دەکاو منداڵی دەبێ!!

١٣-ئاوێنە ڕووکەشانە سەیری مرۆڤ دەکات
هیچ لەسایکۆلۆژیا نازانێ.

١٤-ئاوێنە لەتاریکی دا دەنوێ.

١٥-کاتێك لەبەردەم ئاوێنە دا دەبم بەدوو کەس
بە سەرنج و ورد بوونەوەی خۆم
ڕاز و نهێنی و گازاندەی خۆم
بەبێ دەنگی بەخۆم دەڵێم.

١٦-من لەنێو ئاوێنە دا وێنەی هاواری ناخی خۆم و
بۆنی سوتاوی خۆم دەکەم.



## (حەزی من)

من حەز دەکەم پیاسەیەك لەگەڵ سێبەری خۆم بکەم،
من حەز دەکەم بەبێدەنگی سێبەری خۆم بدوێنم.
من حەز دەکەم پیاسەیەك لەگەڵ هەتاو بکەم،
من حەز دەکەم نهێنی خۆم بۆهەتاو بدرکێنم.
من حەز دەکەم پیاسەیەك لەگەڵ مانگ بکەم،
من حەز دەکەم هەر تەنها مانگ فرمێسکەکانم ببینێ.

## (خەون)[1]

لەخەونم دا بەتەنهایی
بەنێو شیوەرێکی قوڵدا دەڕۆیشتم
چوار کانیم بینی:
کانی یەکەم شیری لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی مانگا.
کانی دووەم ئاگری لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی شۆڕش.
کانی سێیەم نەوتی لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی ئەمریکا
کانی چوارەم خوێنی لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی کوردستان.

***

گاسن چەقۆیەکی زۆر تیژە
پێستی زەوی کەوڵ دەکا.
گاسن
گوێزانێکی تیژەو

---

١– ئەمە خەونێکی ڕاستەقینەی خۆمە، شەوی ٢٧|١|٢٠١٢ کاتژمێر چوارو نیوی شەو بینیم و لێکدانەوەم بۆخەونەکە کردوو هەر بەم شەوەش بەشیعر نووسیمەوە.



ڕیشی پێدەشتە چیمەنێکی تاشی.

***

خۆرەتاو پیاوی هەورە
لە هەرشوێنێ تەڕاییەك هەبێ
سەرانەی خۆی لێوەردەگرێ.
هەوریش لەجێگای خۆی وەك پاشا
هەر دەخوات و قەڵەو دەبێ.

***

من بەسەر شەقامی خەمێکی درێژ دا دەڕۆم
بەرەو ئەشکەوتی نامۆیی.

***

کاتێ دێوەزمەی تریشقە
بەشیشەیەکی ئاگرین
دەکەوێتە گیانی هەور،
هەوری نووستو لەتاو ئازاری
پەراسو و پشتی شکاوی
پڕ بە گەرووی دەقریشکێنێ و
دەداتە پرمەی گریان.

***

بەلای منەوە تەنها شەش شت پیر نابن

ماسی و پەپوولە

خاڵخاڵۆکەو هەنگك

خوداو وتەی جوان.



## (بیرکاری)

گوڵ+هەنگ=شیری زەر د

گیا+مانگا=هەنگوینی سپی

خۆر+مانگ=شەو بە ڕۆژ

٢+٢=٤

من+یار=١

❋❋❋

کاتێ باران دەبارێ

ئاسمان دەبێ بەعودێکی زۆر گەورە،

باران دەبێت بەتاڵەکانی عود

باش دەبێت بە هەزارەها پەنجە بۆژەنین.

❋❋❋

دەنگی پەڕەسێلکە قوماشێکی سەوزە،

دەنگی کۆتر قوماشێکی سپییە.

دەنگی کەناری

وەك پەلکە زێڕینە

کۆمەڵێ ڕەنگی جوانە.

❋❋❋

ئاو زۆر ڕقی لەسەرمایە
کەدەیبینێ دەبێتە سەهۆڵ و
دڵی وەك بەرد لەئاستیا ڕەق دەبێ،
ئاو زۆر عیشقی هەتاوە هەر کە چاوی پێدەکەوێ
بەبێ شەرم بەرەو ڕووی دەفڕێ.

❋❋❋

ئەستێرەو مانگ مشە خۆرن،
ئەوەتانێ شەوانە
فەلسەفە بەماڵی هەتاو لێدەدەن.



## (هێلکەی گوێز)کاریکاتێر:

ئەم دار گوێزە هێندە هێلکە گوێزی گرتووە،
پەڕوو باڵی گەڵاکانی
بەسەر سەریا داخستووەو
کڕکەوتووە.
هاکا ڕۆژێ
هێلکە گوێزی بتروکێنێ
دار گوێزی بچووك بچووك
بەدەوریا بخولێنەوەو بجریوێنێ،
پیرە دار گوێزیش وەکو مریشك بقورتێنێ
بەم شاخ و کێوانە کەوێ و
جوجوڵەکانی بلەوەڕێنێ.

❋❋❋

ئاگر سەپانێکی زۆر ئازایە
ئەوەتانێ بەداسی — با — لە چەند چرکەیەکدا
تەبارە گەنمێکی دروێنە کرد.

❋❋❋

لەترسی زستان ئاگر خۆی دەخاتە
نێو ئەشکەوت و نێو تەباخ و نێو سۆبای ژوورەکان،
هەر کە ترسی زستان نەما، ئاگر
وەك مار لەپەناو پێچەکان دێتە دەرێ و
ڕوو لەدەشت و کێوان دەکا.

❊❊❊

هاوینان ئاگر زۆر برسییە
لە چاو قۆچانێکدا وەك ڕەوە کوللە
پاوانە پوشێکی خوارد.
زستانان ئاگر وەك مارو مێر
دەچێتە سوڕی مت بوونەوەو
هیچی بۆ ناخورێ.

❊❊❊

ئاگر باشترین میوەی زستانە.

❊❊❊

هیچ شتێك هێندەی ئاگر زۆر خۆر نییە،
تاخۆراکی خۆشتری بدەیێ
شەهیەی زیاتر دەکرێتەوەو



برسیتر دەبێت.

❊❊❊

ئاگر هەمیشە بیر لەخۆراکی خۆش دەکاتەوە.

❊❊❊

کێ دەڵێ ئاگر لە تۆرەمەی مار نییە!!
ئەی ئەوە نییە بە زگەخشکێ هێرش دێنێ و
بەددانە سورەکانی گازدەگرێ و دەکیفێنێ.

❊❊❊

مام بایز بەخاکە ناس ئاگری دەگوژاندەوە
وام زانی مار دەکوژێت.

❊❊❊

کانی ئیلهامی بیرم کوێر ببووەوە
بەخوێندنەوە پاکلەمەو پاراوم کردەوە.
داسی خەیاڵم دروێنەی پێنەدەکرا
بەڕۆنی کەڵەشاخ لەهەسانی ئەفسانەم سویی.

❊❊❊

ئاگر لەتۆرەمەی هەتاوە،
ئەوەتانێ لە هەرشوێنێ کلْپەیەك لەدایك دەبێ
خۆراکی تیشکی پێدەداو گەورەی دەکا.

***

ئەگەر هەتاو پشت و پەنای ئاگر نەبێ،
گلْپە ئاگرێك چۆن زات دەکات
دارستانێکی گەورە گەورە بسوتێنێ،
هەر بۆ بەڵگە، تۆ سەیرکە کاتێ هەتاو بزر دەبێ و
نمەی باران دادەکا،
نەك گلْپەیەك باوەشێك ئاگر ناتوانێ
درەختێکیش بسوتێنێ.

***

باشە ئاگر باڵی نییە،
کاتێ دارستانێکی دەسوتاند
بەدوای باڵندەکان دەکەوتوو
لە ئاسماندا دەیسوتاندن،
باشە ئاگر نازانێ مەلە بکا
دەنا کاتێ دارستانێکی دەسوتاند
لەڕووبارو لەدەریاکان دەپەڕییەوەو
هەموو دونیای لوش دەکرد.



***

کێ دەلێ ئاگر چاوی نییە؟
ئەوە نییە کەپێدەشتێك کڕدەدا
بەدەوری گابەردو پەناکانیشا دەگەڕێ
بۆکوشتنی پوش و پەلاش،
ئێ خۆ گەر ئاگر چاوی نەبێت
بۆچی ڕۆژێ بەشەقامێك داناڕوات
بۆچی ڕێگای لێ نابەڵەد نابێ و
بەسەر شاخێکی ڕووتەن ناکەوێت.

***

کێ دەڵێ ئاگر سەرمای نابێ؟
کێ دەڵێ ئاگر ناترسێ؟
ئەی ئەوە نییە کەباران لێیدەدا
لێوە لەرزە دەیگرێ.

***

کێ دەڵێ ئاگر ڕوحی نییە؟
ئەی ئەوە نییە!!
کەباران لێی دەدا دەمرێ،
یاخۆراکی لێ ببڕێ لەبرسان ڕوحی دەردەچێ،

**یان لەژورێك یان سەردابێك ئۆكسجینی لێ ببڕێ دەخنكێ.**

***

**ئاگر زۆر عیشقی بایە**
**كاتێ ئاگر شو بە- با — دەكات،**
**دارستانێك دەبێت بە بەچكە پشكۆ.**

***

**ئاگر لەشەو زۆر دەترسێ**
**نازانێ چۆن خۆی بشارێتەوە.**

***

**ڕۆژ دۆستی ئاگرە،**
**لەژێر باڵی تیشكەكانی دەیشارتەوە.**

***

**من ئاگرم لەقەفەسی سۆباكەما**
**وەكو بولبول بەند كردووە!!**
**ناوێرم لەژورەكەما بەڕەڵای كەم،**
**چونكە ئاگر لەمارو دوپشك ترسناك ترەو وەكو**
**كۆتریش كەوی نابێت.**

***



**دەڵێن شەیتان لەئاگر دروست بووە؟!!!؟**
**شەیتان دەبێ بەبەردەوامی لەسەر بۆتڵێك غاز**
**كڕكەوتبێ!!!!!!!!!**
**تاكو نەمرێ و نەكوژێتەوە،**
**كێ دەڵێ تەباغی ماڵەكەمان شەیتان نییە؟؟!؟!!!!!!!!!!**

***

**كاتێ ئاگر منداڵێك دەبینێ ڕەنگی خۆی سورو جوان دەكات،**
**بەنەرم و شلی سەما دەكات،**
**تاكو فێڵ لە منداڵەكە بكات و**
**نەختێ گۆشتی ناسكی بخوات.**

***

**ئەرێ ئاگری جەهەنەم بەچی دەژیێ؟!!!!؟**
**دەبێ ئاگری جەهەنەم**
**لەسەر بیرە نەوتێك**
**یان لەنێو كانێكی خەڵوز نەبێت؟؟!!؟؟؟؟؟؟؟؟**

***

**ئەرێ ئاگری سەر زەوی،**
**هیچ خزمایەتییەكی**
**لەگەڵ ئاگری جەهەنەم هەیە؟!!؟**

***

**پارچە ئاگرێکم بردە تاقیگە و**
**بەدەرکەوت لەئۆکسجین و تەختە دروست بووە!!!**
**ئەریٚ ئاگر خۆ مادە نییە، چۆن بردتە تاقیگە؟؟؟؟!!!!؟**

***

**ئاگر زۆر نەوسنەو زۆر حەزی لەخواردنی چەورییە،**
**بۆنموونە: قوماشەی چەور، تەختەی چەور،**
**ئاگر زۆر حەزی لە مەشرووباتە،**
**هەر بەزوویی پێی سەر خۆش دەبیٚ**
**بۆنموونە:**
**پێکە بەنزین، پێکە نەوت.**

***

**ئاگر زۆر ئاشقی بایە،**
**کاتیٚ لەپاوانێك یاپێدەشتێك**
**دەست دەنێنە دەستی یەك و پێکەوە دەڕۆن،**
**بەئارەزووی دڵی با**
**پیاسە دەکەن و**
**ڕادەکەن و**
**هەنگاوی خاو یا گورج دەهاون،**



**با زۆر باوك سالارە**
**ئاگر ژنێکی کۆیلەیە.**

***

**با زۆر بێوە فایە لەئاست ئاگر**
**هەر کەزانی لەسەرە مەرگەو دەمرێت،**
**جێی دێڵیٚ و**
**بەدوای دەسگیرانی تردا**
**دەگەڕێت.**

***

**شەو سۆبای ژوورەکەم ڕەش هەڵگەڕابوو**
**هەناسەی تەنگ ببوو**
**نەختیٚ دەرگام بۆکردەوە تا نەخنکیٚ.**

***

**ئاگریش عاشقی ئاوێنەیە،**
**لەشەو دا هەر کە فانووسەکەم بردە لای**
**ئاوێنەکە، شیلەبزە گرتی و**
**ڕەنگ و ڕووی گەشایەوە.**

***

چاوی ئاگر گەلێ جوانە،
هەر کە تەباغەکەم پێکرد
ئاگر بەدوو چاوە شینەکەی بەڕووم پێکەنی،
لەوڕۆژەوە هەر کچێکی چاوشین دەبینم
هەست بەسوتانی خۆم دەکەم.

***

فسفۆر ئاگرێکی شەبەحە،
هەر کەڕوناکی دەبینێ
شاگەشکە دەبێ و دێتەدەرێ
لەدوای ئەوە لەترسی تاریکی خۆی دەشارتەوە.

***

گڵپە ئاگرێك کەوتەشەڕ لەگەڵ بەفر،
هێند ئازابوو!!
تاشەهید نەبوو
بەفر زاتی نەکرد،
بەدیل بیگرێ و
بیخاتە بەندیخانەی خۆیەوە.

***



ئاوپاسەوانی دارستانە
هەر کە ئاگای لێبڕا
لەشکری ئاگر داگیری دەکا.

***

ئەگەر ئاو ئاسمانی نەتەنیبوایە،
بەنوێژی نیوڕان ئاگر دەیخواردین.

***

ئاگر هەموو پەنجەرەو دەرگاکانی خۆی کردووەتەوە.
لەهەر لایەك نێچیرێك بێت دەیگرێت و دەیخوات.

***

ئاگر زۆر حەزی لە گۆشتی پەپولەیە،
بە ماچ و بڵێسە بانگی دەکات،
سەمای بۆدەکات و سەرسامی دەکات،
سەیر ئەوەیە!! پەپولە زۆر عاتفییە و
مێژوو ناخوێنێتەوەو هەرگیزاو هەرگیز
ئەزموون لەهەڵەکانی وەرناگرێت.

***

ئاگر هەرگیزاو هەرگیز حەزی لەئاشتی نییە!!!!
ئەگەر وانییە،
بۆچی ڕۆژێك پەپولەیەك ئازاد ناكات
بۆچی ڕۆژێك لەباوەشی چەپكێ بەنزین ناخەوێ!!!!!

***

ئەگەرچی هەتاو لەتۆرەمەی ئاگرە،
بەلاّم تەنها هەر ئاو دەخوات،
ناو بەناویش ڕەنگ دەخوات
جار بە جاریش خوێنی درەخت و گوڵ دەمژێت.

***

ئاگر كە زۆر برسی بوو،
جگە لەپوش و پەلاّش
بەردیش دەكرۆژێ و خوێنی دەمژێ و ڕەشی دەكا.

***

ئاگر زۆر حەزی لە نایلۆن و تەختەیە،
هەر كەدەیبینێ دەست و برد دەكاو
هەڵپە دەكاو لوشی دەكا.

***



ئاگر زۆر ڕقی لە تەختەی تەڕە
گەر زۆر برسی بێت هەندێكی دەخوات،
بەلاّم گەر بەقەیماغی بەنزین
تەختەی بۆ چەور كەی
لوشی دەكات و هەرهەمووی دەخوات.

***

هاوێنە پەیام نێری ئاگرە،
ناو بەناو گڕ لەهەتاو وەردەگرێ.

***

ئاوێزە بانگەشە بۆهەتاو دەكات
ئەوەتانێ شێوەی هەتاو
بەچەند ڕەنگێك ڕیزبەند دەكات.

***

خۆڵبارانە و هەتاو قژی چڵكن بووەو
چاوەڕێی بارانێك دەكا خۆی بشوا،
لە دوای ئەویش چاوەڕێی بایەك دەكا قژی موجەفیفە بكا.

***

کاتێ مانگ و ئەستێرەکان دەکوژرێن،
شەو کراسێکی ڕەش لەبەر دەکا!!!

❋❋❋

شەو دەریایەکی ڕەشە
شەمشەمە کوێرە مەلەی تیا دەکەن!!!

❋❋❋

کاتێ ئاو پەنچەی دەتەزێ
لەمەرگ نزیك دەبێتەوە،
تاکو خۆرەتاو نەشتەرگەری بۆنەکا
خوێن بەدەمارەکانیدا ناگەڕێ.

❋❋❋

بایەکی تامەزرۆ
لەپڕ بەدامەنی کچێکی سپی بالاَ بەرز لکاو
بێشەرمانە هێند توند باوەشی پیاداکردو
هێد توند سینگ و بەرۆکی کوشی،
هێد توند پوزو سمتی کوشی
کچە شەرم دایگرت و چەندی دەیکرد
لەماکسییە سورە تەنکەکەی نەدەبووەوەو
بەناچاری خێرا ڕایکرد بەرەو ژوورو
دەرگای حەوشەکەی پێوەدا.



❋❋❋

با ڕێوییەکی کۆچەرییە!!
هیچ جێ و مەکانێکی نییە.

❋❋❋

با بەهاران گێرفانەکانی
پڕدەکات لەنوقڵی گوڵ و
بەسەر منداڵ و مرۆڤە دەروون نەخۆشەکان دەیبەشتەوە.

❋❋❋

ئەرێ پەپوولە بۆخۆی دەفڕێ؟
یا با دەیهێنێ و دەیبا؟

❋❋❋

هەنگ عاشقێکی بەوەفایە،
تەنها دلّداری لەگەڵ گوڵ دەکات.

❋❋❋

بولبوول باخچەیەك پڕدەکات لەخونچەی دەنگ.

❋❋❋

**قاسپەقاسپی ئاو**
**بەسەر چەوی ڕووبارەوە خۆشە.**

❋❋❋

**ئاسمان شاکچێکی جوانە،**
**ئەوەتا ئەمشەو جلی کوردی پولەکەداری**
**لەبەر کردووە،**
**شەپقە سپییەکەی مانگی لەسەر کردووە.**

❋❋❋

**مانگ ڕوومەتی ئاسمانە،**
**هەندێ جار پەچەی هەور بەڕوویەوە دەگرێت و**
**بەرۆژوو دەبێت و**
**لەسەر بەرماڵی هەور نوێژ دەکات و**
**نەزەر لەچاومان دەبڕێت.**

❋❋❋

**گوڵ دڵداری لەگەڵ لوتمان دەکات،**
**گوڵ دڵداری لەگەڵ چاومان دەکات،**
**گوڵ زۆر ڕقی لەدەستمانە**
**هەرگیز هەرگیز حەز ناکا**
**دڵداری لەگەڵ بکات.**



❋❋❋

**بەفر بەکەژاوەی ڕیشۆڵەو کەو**
**لەچیاوە هاتەخوارێ!!!**

❋❋❋

**چاوەکانت دوو بولبوولی تێرو تۆخ و گەلێ شینن،**
**کاتێ بەدرەختی بالآمەوە دەلکێن،**
**دەرگای دڵم دەکەمەوەو**
**دەڵێم خوایە بیکەن بەهێلانەی خۆیان.**

❋❋❋

**چاوەکانت دوو بولبوولی دەنوك ڕەشی سەر باڵ سپی و**
**جەستە شینن،**
**لەهێلانەی پێڵوە کانت کڕکەوتوون.**

## (بەفر لێمان توڕە بووە)

ئەوە چەند ساڵە بەفر لێمان توڕە بووە و
تا ترۆپکی چیاکان دێ و
وەکو جاران نایێتە نێو شەقامەکان،
وەکو جاران نابێتە میوانی ماڵەکانمان!!!؟
وەکو جاران بەرگێکی سپی لێبووردەیی
ناکاتە بەر درەختەکانمان،
وەکو جاران ملوانکەیەکی زیوین
ناکاتە مل پەنجەرەکانمان،
وەکو جاران چلوورەی گوارەی جوان ناکاتە
گوێ سواندەی خانووەکانمان،
وەکو جاران بەسەماو بەزەردەخەنە نابێتە میوانمان،
ئەوە چەند ساڵە دەچین بەرەو پیلی بەفرو
شێرە بەفرینەی لێدروست دەکەین و
بەرەو ڕووی شیلە بزە دەمانگرێ و
تەوقەی لەگەڵ دەکەین،
کەچی هێشتا لەگەڵمان ئاشت نابێتەوە
مەگەر بایەك یاخود کەوێك ڕابسپێرین
تاکو ئاشتمان بکاتەوە.



## (ترۆپکی نامۆیی)

من کەسێکی گەلێ نامۆم
زۆر جار دەڵێم ئەم وڵاتە جێدەهێڵم و
دەڕۆم دەڕۆم،
دواتر کەزۆر ڕادەمێنم
دەڵێم ئاخر کە ڕۆیشتم، نامۆیی دووریش دەمکوژێ،
ناڕۆم ناڕۆم.
باڵەناو خولگەی سەری خۆم نامۆبم،
نەك لەدووری وڵاتی خۆم.

## (مشار)

مشارێکی ددان کەوتو
بەهانکە هانك هەموو گیانی ببووە ئارەق،
ڕەنجی دەدا نەمامێك بخوات
وتم ئەی مشار شەرم ناکەی!! ئەرێ تۆ پیر بوویی و تەوبە ناکەی؟!؟
بەلاوی لەهەرەتی ددان تیژی پیرە دارت دەخوارد ،
ئێستاش نەمامە داری ناسك،
مشار بەزەردەخەنەوە هاتە وەلاّم :
ئەمن چی بکەم خودا وەهای دروست کردووم،
خواردنی من دارو تەختەن،
خواردنی هەلۆ و پڵنگ گۆشتە
خواردنی کەروێشك گیایە.
ئەی تۆی مرۆڤ تۆ هەموو شتێك دەخۆی،
تۆ هەموو شتیَ دەکوژیت،
باشە من تاوانبارترم یان تۆ؟؟!؟

***



پەڕەسێلکە نامۆیی ولاّت دەیکوژیّ!!
لەگەرمیان بیّ بیر لەکوێستان دەکاتەوە،
لەکوێستان بیّ بیر لەگەرمیان دەکاتەوە،
چۆلەکە لەترسی نامۆیی
هەرگیز هەرگیز کۆچ ناکات.

***

با لەنێو ڕەزێکی ڕووت
بێشەرمانە سەما دەکات،
با زۆر لەسەرخۆ و بەشەرمەوە
لەنێو ڕەزێکی بالاّپۆشی چڕ سەمادەکات.

***

هەور زەوی دەنووسێتەوە،
خۆرەتاو دەیخوێنێتەوە.

***

باش بوو خۆرەتاو ئەو زەویانەی ئاو دا،
دەنا هەمووی زەرد هەڵدەگەڕان و وشك دەبوون.

***

پەنجەکانی با چەند جوانن
کاتێ دوگمەی سینەی کچێ دەترازێنن،
پەنجەکانی با چەند جوانن کاتێ
پەپوولە دەبەن بۆزیارەتی گوڵ،
پەنجەکانی با چەند ناشیرینن
کاتێ پەڕەی گوڵێك دەژاکێنن.

***

زەردێنەیەك لەڕەحمی سپێنەو
لەپێستی توێکڵدا،
کۆترێکی کڕکەوتوو
ژنێکی سێ گیانە.



## (شیعرێکی مۆنتاژ نەکراو)

هێشووە بەردێك،
دوو پارچە عەتر،
ئۆکسجینی نێو چاوی مەستی هەناسەی ئاو،
دەگرێ پەپوولە باڵەکانی خەندە.
لەنێو کوێچکەی دڵۆپە خوێندا ترپە ترپی ئازار،
کوزێك خۆرەتاو
سەبەتەیەك ئاو،
کۆلکە دارێکی پیرێژن،
فنجانێك قاوەی ماسی،
تەعزییەی ڕەشەبا
قژی ڕندراوی دار.
پەرداغە شەربەتێك لەخۆری مەغریب،
چەنگ لەگۆچانی ئاوێکی سوور،
گەنم دەنکە بۆ مێرووله لوتی بۆنی
ئازار جگەرەی دووکەڵی کسپەی.

***

خۆزگە پەپوولە لاڵ نەبوایە و
دەنگێکی خۆشی هەبوایە،

**نانا لاڵ نییە!!!**
**ئەی ئەوە نییە باڵەکانی قسە دەکەن!!**
**ئەی ئەوە نییە وەکو بولبوول خراوەتە دوو توێی شیعرەوە.**

❋❋❋

**کە پەپوولەیەك دەبینین زەردەخەنە دەمان گرێ،**
**ئەرێ کێ دەڵێ لەو دەمەی ڕا پەپوولەکە خەمبارنییە؟!!**
**ئەرێ ئێمە هیچ لەسایکۆلۆژیای پەپوولە دەزانین.**

❋❋❋

**موویی سپی درەختی وشك بووی دارستانی سەرە.**

❋❋❋

**چاو تەنها بەخەم ئارەقە دەکا.**

❋❋❋

**هەنار مەنجەڵی دانوولەیە.**

❋❋❋

**لەو ڕۆژەوە هەناوی ماسی ڕەش بووە،**
**کەبێچووە ناسکەکانی خۆی خواردووە.**

❋❋❋



**هەور بەپێنووسی باران ڕۆمان و شیعرو...مێژوو و یادگاری**
**خۆی**
**لەسەر دەفتەری زەوی دەنووسێتەوە.**

❋❋❋

**باران بەپێنووسە سەوزەکەی**
**دەفتەری دارستان دەنووسێتەوە.**
**ئاگر بە (مەساحە) سورەکەی**
**وردە وردە دەیسڕێتەوە.**

❋❋❋

**تریشقە قەڵەم دادەری هەورە.**

❋❋❋

**باران شێوەکارێکی دەست ڕەنگینە**
**پاییزان تابلۆکانی هەر بەڕەنگی زەرد دەکێشێت،**
**بەهاران بەجۆرەها ڕەنگ تابلۆی جوان جوان**
**دەنەخشێنێت.**
**زستانان تابلۆکانی باران کەمڕەنگن**
**هاوینان باران دەنوێت و پشو دەدات و**
**ناوبەناویش بۆیە کۆدەکاتەوە و**
**بیرۆکەی نوێ بۆتابلۆکانی دادەنێ.**

## (چیرۆکەشیعر)

دەنکە گەنمێك بەدیل گیرا لەلایەن کۆترێکەوە،
گەلێ ترساو باش دەیزانی کە
ئەمشەو ڕوحی دەردەچێ،
لەبەختی ئەو کە ئێوارە کۆتر گەڕایەوە هێلانە،
ڕێوییەك پەلاماری داو پارچە پارچەی کرد
دەنکە گەنم لەسیقلدانی کۆترەکە کەوتە خوارێ،
بۆدوا ڕۆژێ مێرولەیەك دۆزییەوەو هەڵیگرت و
ویستی بۆناو شارەکەی ببا،
کاتێ بەسەر درەختێ کەوت دەنکەگەنم کەوتە خوارێ و
بەنێو خۆڵدا خۆی شاردەوە،
هەر کەباران داباری سەری دەرهێنا بۆهەتاو و وردە وردە
گەشەی کرد.

❋❋❋

ئەوە بۆچی زیکزیکە بە گەرما دەزیکێنێ،
دەبێ ژوانی لەگەڵ هەتاو نەبێ؟!؟

❋❋❋

خوێنی مێروولە چ ڕەنگێکە،
ئەرێ مێروولە جگە لەچاو جگە لە قاچ



دڵی هەیە؟!دەماری هەیە؟ گورچیلەی هەیە؟!
پەنکریاسی هەیە؟!
ئەرێ هەناسە دەدات قەبارەی سییەکانی چەندن؟!
ئەرێ دەبێ ڕیخۆڵەی هەبێ؟!
ئەرێ کاتێ یەك دوو قاچی دەبڕێتەوە
بۆچی خوێنی لەبەر ناڕواو نەزیف نابێ؟
ئەرێ مێروولە ئێسکی هەیە ماسولکەی هەیە؟؟
ئەرێ چۆن دەتوانێ دەنکە پاقلە هەڵگرێت.

❋❋❋

هەر کە گوڵی لێوی تۆ دەبینم،
لێوەکانم دەبن بە پەپوولەیەك و
بەرەو ڕووت باڵ لێکدەدەن.

❋❋❋

هێندە سەیری یەکمان کرد،
لێوی هەردووکمان بوون
بەدوو پەپوولەی عاشق و مەعشوق.

❋❋❋

کاتێ باخچە پەپوولەی چاوەکانت دەبینێ،
گوڵە ژاکاوەکانی دەگەشێنەوە.

## (ڕەوە چۆلەکەی ڕوح)[1]

هەنارێکی قەڵشیوی لێو گڕی ددان سوور
دەمی پڕببوو لەئاو،
بۆ دوو لیمۆی کیژۆڵەیەك!
کەنوشتابووەوە لەبەردەمی و
کێسکی دەدا بن دار هەنار.

١- (ڕەوە چۆلەکەی ڕوح) بەوواتایە هاتووە، کە هەریەك لەم پۆستەرە شیعرانە وەکو چۆلەکەیەك وان کە پێکەوە بەئاسمان دادەفڕن، بەڵام هەڵبەزو دابەز و جریوەی هەیەك لەچۆلەکەکان جیاوازە.



## (کولیچە)

کچێك بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی
ڕوومەتی ئەنگوتکە هەویرێکی ماچ دەکردوو
کولیچەی عیشقی لێ دروست دەکرد

***

شاری بۆربەنداری هیندستان
تاکو ئێستاش لۆکەی سپی دایپۆشیوە،
چونکە ڕوحی پەپوولەیی گاندی لەم شارەدا داباریوە.

***

مۆم سەرگۆی مەمکێکی گڕکانییە
لەداخی بێ پەپوولەیی دەتوێتەوە.

## (چەند دڵۆپێک لەمۆسیقای نامۆیی)

١- پەڕەسێلکە مەقەستێکە
قوماشی ئاسمان دەبڕێ و
بەرگی کۆچی لێ دروست دەکا.

٢- کرێکار ماندوبوونی خۆی
بەئارەقەی مەرەکەب،
لەسەر پەڕاوەکانی خۆرەتاو دەنووسێتەوە.

٣- کاتێ دەمی خەنجەرێ بەخوێن سوور دەبێ،
قولانجێك دوو قولانج سێ قولانج سەد قولانج
کەڵبەی وەحشییەتیمان درێژ دەبێ؟

٤- ساڵەکان تەمەنیان دروێنە کردم و
ڕایان پێچام بۆ ڕەوسەی گۆڕستان.

٥- تەمەنم جگەرەیەك بوو،
بەدەم مژی ئازارەوە
وابەسەرچوو.



٦- باران بەپەنجە نەرمەکانی
عودی دەریا دەژەنێ،
شەپۆل نۆتە نۆتە سیمفۆنیای دەنووسێتەوە.

٧- مانگ ڕوومەتی شەوێکی ئەسمەرە.

٨- (نوێژە بارانە)
وەرە گیانە لەسەر هەناسەی سووتاوم
نوێژە بارانەیەك بکە،
ئەوە چەند ساڵە
هەورە تریشقەی
هەنسکی گریانم بێ بارانە.

٩- دلۆپ دلۆپ
مۆسیقای خۆشەویستیت
دەڕژێتە فنجانی دڵمەوە،
گەلێ سەیرە لە خۆشەویستی تۆ پڕ نابم.

١٠- پیاوێك جەڵتە لێیدا،
جەڵتە نەبوو؟!
تیرۆریستی کۆڵسترۆڵ بوو
بەدەروونی تەقییەوە.

**١١- ئەم جۆگەلە ئاوە بەپێچ پێچە**
**تیرە مارێکی تۆقیووە**
**بۆ نێو چیمەن و قامیشەڵان دەخشێت.**

**١٢- درەختی ئاسمان**
**کاتێ گەڵای بەفر دەوەرێنێ،**
**سەراپای زەوی یەك بۆن دەیگرێ،**
**بۆنی پاییزێکی سپی.**



## (نەوت)

**ئەرێ نەوت زێڕی ڕەشە یاگورگی ڕەش،**
**من دەڵێم گورگی ڕەشە،**
**ئەی ئەوە نییە مرۆڤی کورد وەك مەڕ دەخوات.**
**ئەرێ نەوت زێڕی ڕەشە یان دایناسۆڕێکی گڕدار**
**من دەڵێم دایناسوڕێکی گڕدارە،**
**ئەی ئەوە نییە میللەتی کورد پارچە پارچە دەکات.**
**ئەرێ نەوت زێڕی ڕەشە یان خوێنی گەش؟؟**
**من دەڵێم خوێنی گەش،**
**ئەی ئەوە نییە بەڕووبار خوێنی ڕۆڵەی کورد**
**لەزامی بابە گوڕگوڕ دادەچۆڕێت.**

***

**ئەسپ چوار باڵی هەیە بۆفڕین،**
**گەر گیا لەسەر هەورەکان بڕوابوایە**
**بەئاسماندا دەفڕی.**

***

**مامز لەچۆلەکە فێر بووە بەلەنجە بفڕێت.**

***

من نازانم لە ڕۆیشتن دا بۆق لاسایی چۆلەکە دەکاتەوە،
یان چۆلەکە لاسایی بۆق دەکاتەوە.

***

جاران قەلەباچکە ڕەش ڕەش بوو،
بەلاّم کاتێ پارچەگۆشتێکی بەمنداڵێکی هەتیو دا،
خودا ملوانکەیەکی سپی لەمل کرد.

***

شووشەیەکی بەتاڵ، شووشەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ،
لەنێو گۆڕستانی گوفکێکی نامۆ دا،
بەئاستەم هەناسەی مابوو،
بەلاّم کاتێ پیرە ژنێ بردییەوە ماڵەوەو
پڕپڕی کرد لەشیر، شووشە کەوتەوە ژیان.

***

مۆم بەئاوریشمی چاوەکانی
کراسی ڕووناکی بۆشەو دەهۆنێتەوە.

***

مۆم زۆر ڕەشبینەو
هەمیشە بیر لەمردن دەکاتەوە،



لە لەدایك بوونییەوە هەتا مردن
هەرفرمێسك دەڕێژێ و دەگری،
ئەرێ دەبێ مۆم توشی نەخۆشی دەروونی نەهاتبێ،
ئەرێ مۆم هیچ خێرو خۆشی لەخۆی دەبینێ.

***

شوشە مەیەکی بەتاڵ، شوشەیەکی ڕووت و ڕەجاڵ،
لەڕێی باوە بەلێوە خڕو جوانەکەی فیکەیەکی لێدا بۆ سەگێك،
ئەرێ ئەی سەگ ئەوا مرۆڤەکان گۆشتیان خواردم
ئەی تۆ بۆ ئێسقانم ناکرۆژی.

***

کچێکی جوان دەستی ناوەتە ژێر چەنەی نەرم و نیان،
هەر پێنج پەنجەی بوون بەخونچەو
ڕوومەتی بووە بەسورە گوڵ.

***

لەڕۆژی ڤالانتاینا
کەتۆلێوت سوور سوور کردووە،
گوڵە سپییەکەی دەستت
لەشەرما ڕەنگی سووری لێ نیشتووە.

***

مەسجێکم بۆهات لەلای یارم
وێنەی گوڵ و دڵێکی سووری ڕازاوە،
کەسەیرم کرد دڵم بۆدڵەکە لێداو
تێرتێر بۆنی گوڵەکەم کرد.

***

لە ڕۆژی ڤالانتاینا گوڵە سورەکانی باخچە
شەونم لەپەرچەمیان دەدەن و
چاوەڕێی پەپوولەی عاشق دەکەن.

***

خۆشەویستم کەتۆ کوڵمت هێندە سوور بێ،
خۆشەویستم کە تۆ کوڵمت وەکو گوڵ بێ،
لەجەژنی ڤالانتاینا پێویست ناکا
گوڵی سوورم بۆ بهێنی،
یەك لەکوڵمە سورەکانتم دەوێ.

***

لە جەژنی ڤالانتاینا
گوڵە سورەکەی دڵی خۆمم بۆداناوی پێشکەشت کەم،
توخوا جوانێ تۆش
گوڵە سورەکەی خۆتم پێبدە.



## (هەناسەشیعر)[1]

١- باڵەکانی پەپوولە
بەشیللەی گوڵ تاتۆکراون
بۆیە هێند ناسك و شیرینن.

٢- خۆرەتاو عیشقی سێبەرە
لەهەرکوێ بێ لەتەنیشتی ئامادەیەو
ڕوومەتی یەکتر ماچ دەکەن.

٣-هەنگ نابەڵەدە لەسێکس،
ژیانی هەنگوینی بەفلسێك.

٤- میللەکانی کاتژمێر
ڕاوچی و کەروێشك و تاژین
بەپێدەشتی زەمەن ڕادەکەن.

٥- هەموو بەیانیان دێوەزمە
شوتێك لەتۆپی خۆرەتاو دەداو
بەیاریگای ئاسمان تێدەپەڕێ و
لەدەروازەی مەغریب دەبێت بەگۆڵ،

---

١- هەناسە شیعر، بەواتای ئەوەی شیعرەکە هێند کورتە لەکاتی هەناسە وەرگرتنێکدا دەخوێندرێتەوە، بۆیەکەم جار لە ژمارە(٦٩) گۆڤاری (هەنار) لەژێر ئەم ناوەدا، چەپکێ شیعرم بڵاو کردەوە، لەدوای منیش شاعیران بەکاریان هێناوە.

**دێوەزمە براوەیەو**
**ئێمەش دۆڕاو.**

**٦- شان و ملی داڕوشاوە**
**چۆتەنێو خەستەخانەی سێبەر،**
**خۆرەتاو ئەم سەگەی دارکاری کردووە.**

**٧- ئەم دەریا توڕەو بەهاش و هوشە**
**ماسی هێمن پەروەردە دەکا،**
**گەلێ سەیرە.**

**٨- جاجم باندێکی مۆسیقایە**
**هەر ڕەنگێکی ئاوازێ دەژەنێ**
**بەهەموویان هارمۆنیانە**
**تابلۆی تەونێکی نەخشینە پێدەکەنێ.**

**٩- ئیمڕۆ من زۆر خەمبارم**
**پەپوولەم لێ بۆتە دێوەزمە**
**جریکەی بولبول دەنگی جەلاد**
**بۆنی گوڵ کەلاکی بۆگەن**
**مافوری ئاوریشم پێدەشتی دڕك**
**هەنگوینیش ژەهری مار.**

**١٠- ئەم درەختە کۆترێکە**



**گەڵاکانی بۆ تەریون؟!**
**باشووکەی پاییز لێی داوەو**
**پەڕەمووچەکانی هەڵوەریون!!**

**١١- بوم بەئەشکەوتی جعیتا** [١]
**ئەوەتانێ ئازارو خەم**
**لەهەموو کیشوەرەکانی نامۆیی**
**سەردانم دەکەن.**

**١٢- چرا کراسی ڕووناکی دەکاتە بەر تاریکی.**

**١٣- دەمی چۆلەکە گۆڕستانی دەنکە گەنمە.**

**١٤- کاتێ ڕووبارەکانی هەڵم تێکەڵ دەبن،**
**ئاسمان یەك پارچە دەبێت بەدەریایەکی پڕ شەپۆل.**

**١٥- هەور چەقۆی تاریکی**
**دەخاتە گەردنی ئەستێرەکان.**

**١٦- مانگ حەمامێکە پڕ لەهەڵمی کریستاڵی،**
**ئەستێرە پرچ درێژە نورانییەکەی گەلاوێژ خۆی تیا دەشوات.**

---

**١- ئەشکەوتی (جعیتا) کەوتۆتە بەیروتی پایتەختی لوبنان، شێوە ئەشکەوتێکی مەعدەنی سەرسوڕهێنەرە و خەڵك لەهەموو کیشوەرەکانی جیهان سەردانی دەکەن.**

(...)

هەتا تۆپەڵە ئاگرەکەی دڵم بڵێسەی مابێ،
هەنگاو دەنێم بۆ نوری تۆ.
من لە تۆوە زۆر نزیکم،
من بێ پەیژەی هیچ پێغەمبەرێ
گەیشتووم بە تۆ،
ئەوەتانێ دەتبینم،
ئەوەتانێ دەستم بەر نوری پیرۆزت دەکەوێ.
ئەوەتانێ لەنێو عیشقت فەنا بوویم.
کەچی هەنگاوی زیاتر دەنێم بۆ فەنا بوون.
من باکم نییە لەمردن؟
من هێشتا لە ژیاندام، روحم لەوێ ئاسودەیە.



(...)

لە ڕۆژی عاشقان دا،
شەقامەکان پڕپڕ دەبن لەگوڵی سوور،
لە پرچی ئارگۆنی سوور،
لە تەنوورەی سوور،
لە بەدی سوور،
لە لێوی سوور،
لە عیشقی سوور،
ئەی خودایە، لەنێو ئەم هەموو ڕەنگە سوورە،
دڵم چۆن نابێت بە تەنوور.

***

لەڕۆژی ڤالانتاینا هەزارەها گوڵی سوور،
هەزارەها دڵی داخراو دەکرێنەوە.

***

هەتا دڵم لەترپە دەکەوێ،
خوێنە سوورەکەی ڤالانتاین لە نێویا دەگەڕێ.

***

خۆزگەم بەوانەی لەڕۆژی ڤالانتاینا
بەڵێنی خۆشەویستی بەیەك دەدەن،
خۆ گەر عێل و عەشیرەتیش بیان کوژن،
هەر هیچ نەبێ ساڵانە لە هەموو جیهان،
لەمڕۆژەدا یادیان دەکەن.

❋❋❋

ئازیزەکەم ئەو نامەیەی بۆت ناردبووم
لەجەژنی ڤالانتاینا،
هەست و سۆزت بزواندم و
منت خستە لەرەی شنە،
لەجێی واژوو بەلێوە سورەکانت
نامەکەت تێر ماچ کردبوو،
سوپاس بۆتۆ لەدوورەوە
لێوە سوورەکانی خۆت
بۆمنی عاشق ناردبوو.

❋❋❋

عاشق ڕك و کینەی نییە،
عاشق لەتاوان بێبەرییە،
کاتێ عاشقێك بە پارچە بلوك و گولەو بەرد دەکوژرێ،
لەزامە قوڵەکانیدا بەرائەت و پەڕەی گوڵی سوور دەتکێ.



❋❋❋

ئەمشەو ئاوریشمی فرمێسکەکانم
وەك شەوانی تر نابەخشم بەخاك،
بە برژانگەکانم دەیچنمەوەو
بەرگە سوورەکەی ڤالانتاینی لێ دروست دەکەم.

❋❋❋

سوێند بێ بەدڵی پەپوولە،
سوێند بێ بەباڵەکانی خاڵخاڵۆکە،
سوێند بێ بەخوێنە سوورەکەی ڤالانتاین خۆشم دەوێی.

❋❋❋

هەنگوین شیلەی ڤالانتاینی
نێوان دەمی هەنگ و دەمی گوڵە.

❋❋❋

شەماڵ ماچی گوڵی سووری کردووە
هەر دەڕوا و هەلهەلە لێدەداو
بۆنی عیشقی ڤالانتاینی لێ دەبارێ.

❋❋❋

که دەدبینم
چاوەکانم هەلهەلە لێدەدەن و
لێوەکانم بەتامەزرۆییەوە
سەیرت دەکەن.

***

ئەبرۆکانت دوو گوێزانن
وردە وردە
قەتماغەی ڕدێنی برینەکانم دەتاشن.

***

پەنجەرەکانی عیشق دامەخەن،
باپەڕەسێلکە تامەزرۆکان
هامو شۆی تیابکەن.

***

بەیانیان خۆر خونچە گوڵێکی زەردە
وردە وردە دەکرێتەوە و دەگەشێتەوەو
بۆن و بەرامەو جوانی خۆی دەپرژێنێ،
ئێواران پەڕە پەڕە
بەسەر شان و ملی دەشت و کێوەکاندا هەڵدەوەرێ.

***



لوتت پەپولەیەکی چەند جوانە،
کاتێ بۆنی چەپکێ نێرگز دەکەی

***

گەنجیم مردو
لەگۆڕستانی قژی سپی و
لەگۆڕستانی لۆچی دەم و چاوم شاردمەوە،
کەپیریشم بمرێ
جەستەم هەمووی دەبێ بە گۆڕستان.

***

لەنێو بەرداشی خۆرەتاو و مانگدا
ورد ورد تەمەنمان دەهاڕدرێت.

***

هەر پێنج پەنجەی بە ئاراستەی یەك
لەسەر مشتووی دەستە ناسکەکەی نوقاندبوو،
نینۆکە سوورەکانی وەك خوونچەی گوڵ
بەیەکەوە لکاندبوو.

***

فرمێسك خوێنی سپی زامی دەروونە،

ئەی خوێن چییە؟؟
گوڵە سوورەکەی ڤالانتاینە.

***

لە ڕۆژی عاشقاندا
لەجێی باران پەڕەی گوڵی سوور دەبارێ!،
دووعا دەکەم دەڵێم خوایە!،
پەڕە گوڵێکی سووری جوان
بەبەر پەنجەرەی قەیرە کچێك بێتە خوارێ.





## کورتەیەك لە ژیانی نووسەر:

- هاوژین صلیوە عیسا کەریم، لەساڵی (١٩٧٩) لە گوندی هەرمۆتەی سەر بەقەزای کۆیە لەدایك بووە.
- ساڵی (٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بەدەست هێناوە.
- ساڵی (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا بەدەست هێناوە.
- ساڵی (٢٠١٢) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە بەدەست هێناوە.

## بەرهەمەکانی نووسەر:

١- لەپاییزەوە بۆ بەهار (شیعر) ٢٠٠٧
٢- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، (توێژینەوەی ئەدەبی) ٢٠٠٩
٣- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، (وەرگێڕان) ٢٠١٢